

# سەرۆکی کوردستان
# ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان
# لەسەرنووسەر و ستافەکەی پیرۆز دەکات

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان
بەڕێزان سەرنووسەر و ستافی گۆڤاری گوڵان
سڵاو و ڕێز
بەبۆنەی هەژدەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان کە ژمارە (سفر)ی لە ٢٢/٤/١٩٩٤ دەرچووە، گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەم و دەستتان دەگوشم بۆ هەوڵ و شەونخونی بەردەوامتان لە پێناو زیاتر پێشخستن و پەرەپێدانی گۆڤارەکەتان.
هیوادارم ئەم یادە ببێتە مایەی دارشتنی پلان و بەرنامەی کاری نوێتان بەرە و پێشکەوتن و کاراکردنی هەنگاوەکانتان، بۆ ئەوەی گۆڤارەکەتان وەک گۆڤارێکی سیاسی تەمەن درێژ بتوانێت بەردەوامی بە خۆی بدات و هاوشانی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە بێت کە دنیای جیهانگیری لەسەرجەم بوارەکاندا دروستی کردووە، بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەوانی و پێوەندییەکاندا.
جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هیوادارم هەمیشە بە سەرکەوتوویی بتانبینم لە پێناو گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەتان.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم
مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠١٢/٤/٢١



# نامەی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی یادی دەرچواندنی گۆڤاری ( گوڵان)

بەڕێز هەڤاڵ فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان
هەڤالان، سکرتێری نووسین و تەواوی ستافی کار لە گۆڤاری (گوڵان)ی ئازیز

بەبۆنەی هاتنەوەی یادی دەرچواندنی گۆڤاری ( گوڵان)ەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەین و دەستی یەکەیەکەتان دەگوشین و بە ڕێز و ستایشی زۆری کوردایەتییەوە دەڕوانینە ماندووبوون و کار و بەرهەمتان و ئومێدەوارین هەمیشە کاروانتان بەردەوام بێ و ئەنجامتان رووی لە هەڵکشانی زیاتر بێ.
هەڤالان دەرچواندنی گۆڤاری ( گوڵان) هەنگاوێکی بوێرانەی سیاسی و رۆژنامەگەری بوو لە سەروبەندی یەکەمین هەنگاوەکانی حوکمڕانێتی خۆییدا کە بە گوتارێکی رەخنەگرانەوە هاتە مەیدان و رۆڵی بەرچاوی گێڕا لەبەرچاوڕۆشنکردنەوەی حکومەت و خەڵکدا. ئێستاش چاوەڕوانیمان لەم گۆڤارە ئازیزە هەر ئەوەیە کە لەسەر ئەو رۆڵەی خۆی بەردەوام بێ و بە وشەی راستگۆ و دیقەتی زانستانە و لێکدانەوەی رەخنەگرانە هاوکار و پشتیوانی هەنگاوەکانی چاکسازی و رێکخستنەوەی ناوماڵی کوردستانیی و کوردەواری بێت.
سەرکەوتوو سەرفراز بن
پیرۆزبێ هاتنەوەی یادی دەرچواندنی گۆڤارە ئازیزەکەمان
مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢١ی نیسانی ٢٠١٢

# نامەی پیرۆزبایی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی یادی دەرچواندنی گۆڤاری (گوڵان)ەوە

بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری ( گوڵان)
بەڕێزان سکرتێری نووسین و تەواوی ستافی نووسین و پەیامنێران و کارمەندان

بەبۆنەی هاتنەوەی یادی دەرچواندنی گۆڤاری ( گوڵان)ی ئازیز پیرۆزبایی گەرم لە ئێوە و خۆشمان دەکەین و هیوادارین تەمەنی گۆڤارەکە درێژ بێ و کار و بەرهەمەکانی بەبڕشت و کاریگەر و ئێوەش سەرکەوتوو سەرفراز بن.
گۆڤاری (گوڵان) هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوە، پرۆژەیەکی رۆژنامەوانیی رەخنەگرانەی بونیاتنەر بوو، هەنگاوێکی بوێرانەی نوێ بوو لە دنیای رۆژنامەگەریی کوردیدا و یەکەمین چاودێر بوو بەسەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەوە کە بە دید و گوتارێکی رەخنەگرانەوە کار و چالاکییەکانی شەنوکەو دەکردن و کەموکورتییەکانی نیشان دەدان و کار و بەرهەمە باشەکانیشی هەڵدەسەنگاندن، بەوەش بەرچاو رۆشنی دەدایە دامەزراوە سەروەرییەکان و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، هەروەها ببووە چاوی هاوڵاتیان بەسەر ئەو دامەزراوانەوە. هاوکات رێچکەیەکی نوێشی لە کاری رۆژنامەگەریدا هێنایە ئاراوە و سەلماندی کە گۆڤار و رۆژنامەکانی حزبی حوکمڕانیش دەتوانن چاودێر و رەخنەگرێکی بونیاتنەر بن و پێویستیشە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن بۆ ئەوەی ئەو بوارە چۆڵ نەبێت بۆ چەشنێک لە رەخنەی رەشبینانەی ئەوتۆ کە هیچ خزمەتێک بە گەشەپێدانی وڵات و کۆمەڵگادا ناگەیەنن.
پیرۆزبێ یادی هەژدە ساڵەی دەرچوواندنی گۆڤاری ( گوڵان) و ئێوەش سەرکەوتوو سەرفراز بن و هیوادارین کاروانتان بەردەوام و بەرهەمتان زیاتر و شوێنتان بەرزتر و جێپەنجەتان دیارتربێ لە دنیای رۆژنامەگەریی کوردیدا.

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢١ی نیسانی ٢٠١٢



# پەیامی مەسرور بارزانی بە بۆنەی ساڵوەگەری دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە

وەک خوێنەرێکی بەردەوامتان، بە بۆنەی ساڵوەگەری دەرچوونی گۆڤاری خۆشەویستی گوڵان، گەرمترین پیرۆزباییم ئاڕاستەی سەرنووسەر و سەرجەم ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارانی ئازیزی ستافی ئەم گۆڤارە پڕبەهایە دەکەم و ئومێدی بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم. گۆڤاری گوڵان بەهێزەوە بەردەوامیی خۆی لە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا پاراستووە و هیوادارم بە ڕەچاوکردنی ڕای خوێنەران و نوێبوونەوەی بەردەوام، زیاتر و کاریگەرتر لە خزمەت گەیاندنی ڕاستی بە هاووڵاتیان بن و وەک هەمیشە بە ئەمانەتەوە پەیامەکەتان بگەیەننە خوێنەرانتان.

پیرۆزە و ئاواتم سەرکەوتن و پێشکەوتنی بەردەوامتانە.

براتان
مەسرور بارزانی
٢٠١٢/٤/٢٢

# لە هەژدەیەمین ساڵیـــــ



مەحمود محەمەد
ئەندامی مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

هەژدە ساڵ لەمەوبەر؛ بڵاوکراوەیەکی کوردی جودا لە بڵاوکراوەکانی سەردەمەکەی خۆی بە ناوی (گوڵان) بڵاوکرایەوە..

ئەم بیرەوەرییە لە دامەزرێنەرانی و ئەوانەی پاڵپشتی لێ دەکەن پیرۆز بێت.

بۆچی گوڵان لەوانی دیکە جوایەز بوو؟

هەرچەندە ئەو ستافە ماندوونەناسەی گوڵانی دەردەچواند پارتی بوون و کادیرانی دیارو پێشکەوتووی پارتی بوون و پاڵپشتی کردنیشی لەسەرکردایەتی پارتییەوە بووە، بەڵام بابەتەکانی بە نەفەسی جودا لە بڵاوکراوەکانی دیکە دەنووسرا، وەك یەکەمین بڵاوکراوەی دیارو پڕخوێنەر کە ڕەخنەی تێدا بوو، لە قۆناغێکدا کە قبوڵ کردنی ڕەخنە ئاسان نەبوو، زمانی تفەنگ و حەماسی خەڵك بە بەرپرسانیشەوە لە لووتکەدا بوو، لە ڕاستیدا گوڵان میتۆدێکی نوێی ناو بڵاوکراوەکانی کوردی و ڕچەشکێن بوو، هەر بۆیەش سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسینەکەی چەندینجار کەوتنە بەر هەڕەشەو گوڕەشەی کەسان و لایەنان بەهی ناوخۆی پارتیشمانەوە..

گوڵان کۆڵی نەداو لە ڕیزی پێشەوەی چاپکراوەکانی کوردستان جێگەی خۆی کردەوە، ئەو قۆناغەی تێپەڕاندو پێ بە پێ لەگەڵ پێشکەوتنەکان و تێگەیشتنی خەڵکی کوردستان و پێداویستیەکانی کۆمەڵگا بابەتی نووسی و خوێنەرو سیاسییەکان و نووسەرەکانیشی ترس شکاو کرد، دەکرێت بووترێت ئەو میتۆدە باوەی ئەوێ سەردەم بە تەنیا خەڵکی کوردستانی تێر نەدەکردو گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی بوارەکانی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی و ئابووری پێویستییان بە ڕوویەکی دیکەی نووسین و ڕا دەربڕین هەبوو، گوڵان بە هەمووانی گووت لە کوردستان و لە ناو حزبەکاندا جیاوازی بیرو بۆچوون هەیەو کە ئەوەیش لەبەر گرژنەبوونی بارودۆخ نانووسرێت و جگە لەوانیش خەڵکی دیکەش بیرو ڕای جیاوازیان هەیە، دەکرێت بەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە بڵاوبکرێنەوە...

گوڵان لە ڕیزبەندی ئەولەویاتەکان و پێداویستی قۆناغەکاندا












# ـــادی تەمەنی گوڵاندا













مامەڵەیەکی دروست و تەندروستی کردو سەرکەوتووبوو. ئاوەدانکردنەوە، پێکەوەژیان، پەروەردە، تەندروستی، ژینگە، مەترسـییەکانی سەر ڕێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کـورد، بونیادنانەوەی کەسـایەتی تاکی کوردسـتانی، بەدەست هێنانی ماف و پاراستنی بەرهەمەکانی ڕاپەڕین، تا قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسـی کە لەگەڵ خۆیـدا عیراقی یەك حزب و یەك تایەفەو یەك کەسـی بەلاوەنـاو عیراقی نوێ دەرکـەوت، عیراقی هەمووان بۆ هەمووان..

ئێسـتاش گوڵان لە گەشـەی فیکـری خوێنەرانی و ئاوڕدانەوەی لە زۆر بواری جیاوازو بەرچاوخسـتنی بیرو ڕای جۆراو جۆر لە پرۆسـەی سیاسـی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێچکەیەکی نوێی دەسـت پێکردووە، نووسـەرانی کـورد ئەوانەیان کە بە دیدی سـەردەمیانە دەنووسن و نووسەرانی عارەب و ئەوروپایی و ئەمریکایی؛ ئەوانەی بە تێڕوانینی جیـاوازەوە دەڕواننە دۆزی کوردو بەرژەوەندییەکانـی لـە ڕووپەڕی گوڵاندا بەشـدارن و نووسـین و لێکدانەوەکانیان بەرچاون و سوودی فراوان بە خوێنەران دەگەیەنن و مەرجیـش نەبووە هەموو بیرو ڕاو بۆچوونەکانیان لە سـەدا سەد لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی پارتیدا لێکچوو بووبن..

لـە یادی دامەزراندنی گوڵان، سـڵاو بۆ هەردوو خاوەن ئیمتیازی گوڵان کە بە دەستی تیرۆریستان شەهیدکران، بە دەستی ئەوانەی وەك شەمشەمەکوێرە چاویان بە ڕووناکی هەڵنایە، هەڤاڵان فەرەنسۆ هەریری و کاکە شەوکەت شێخ یەزیدینیان شەهید کرد..

هەروەها سـڵاو و ماندوونەبوون لەو هەڤاڵانەش بکەین کە لە سـەرەتای دامەزراندنی گوڵانـەوە زۆر ماندوو بوون، هەرچەندە ئێستا هەر یەکەیان وەك کەسایەتییەکی بواری ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن ڕۆڵی گرنگیـان هەیەو بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەگەر خۆڕاگری و پشـوودرێژی ئەوان نەبوایە زۆر وێسـتگەی ڕاوەستانی گوڵان هەبوو، بەڵام ئەوان ئەو وێسـتگانەیان پشت سەرناو دژ بە ناڵەبارییەکان وەستانەوەو تەحەداو تەحەمولی زۆر کەس و لایەنان و تیرو توانجیان کرد.

ئێستاش ستافێکی کارامەو بە تەگبیر ئەم گۆڤارە دەخەنە بەر دیدی خوێنەران کە شایستەی ڕێزو پاڵپشتی کردنن.

گـوڵان ناودێر بێ و بەرهەمی نوێ تـرو ڕەنگین تری سـەرەڕای نوێیی و ڕەنگینی ئێسـتای لە سەرنووسەرو دەستەی نووسەران و تەواوی کادیرانی چاوەڕوان دەکرێت.

# سەردانەکەی سەرۆک بارزانی و ستراتیژیەتی پارسەنگدانەوە لەلایەن واشنتۆنەوە

**((ڕەنگە واشنتۆن تەفزیلی ئەوە بکات کە عێراق یەکگرتوو بێت و بەشێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات، بەڵام هاوکاری نەکردنی حکومەتەکەی مالیکی وا لە سیاسەت داڕێژەرانی ئەمەریکا کردووە، دووبارە بیر لە مەسەلەکان بکەنەوە. پێدەچێت بەرپرسەکانی ئیدارەکە سەرقاڵی دانانی»پلانی B« بن، کە تێیدا پێوەندییە سیاسی و ئەمنیەکان لەگەڵ هەولێردا گرنگترو بەرچاوترین بە بەراورد بە ڕابردوو. ڕەنگە سەردانەکەی سەرۆک بارزانی یەکەم هەنگاوی سەرەکی بوویێت لەو پرۆسەیەدا. ))**

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



سەردانەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای نیساندا بۆ ئەمەریکا چەند لایەنێکی شاردراوە بەڵام گرنگی هەبوو.

یەکێك لە لایەنە بەرچاوەکانی بریتی بوو لە کۆبوونەوە باڵاکانی لە واشنتۆن. سەرۆك بارزانی تەنیا لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆزێف بایدن و جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ولیەم بێرنز دانیشتنی ئەنجام نەدا، بەڵکو لەگەڵ وەزیری دەرەوەشدا هیلاری کلینتۆن کۆبۆوەو تەنانەت سەرۆك ئۆباماش کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ کۆبوونەوەیەك لەگەڵیدا.

ئەوە تا ڕاددەیەك لەسیاسەتی ئەمریکادا شتێکی باو نیە کە کەسایەتیەکی سیاسی، تەنانەت کەسایەتیەکی دیاریش بێت، ئەگەر سەرۆکی وڵاتێکی سەربەخۆ نەبێت و ئەو هەموو کاتەی بۆ تەرخان بکرێت لەلایەن جێگری وەزیری دەرەوە. تەنانەت شتێکی ناباوترە کە لەگەڵ جێگری سەرۆکدا دابنیشێت. هەروەها بە ڕاستی شتێکی نائاساییە کە کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری دەرەوە یان سەرۆکدا ئەنجام بدەیت، چ جای ئەوەی بارزانی لەگەڵ هەردووکیاندا کۆبۆەوە.

مامەڵەکردنی بەرپرسانی ئیدارەی ئۆباما لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا هەروەك ئەوەی سەرۆکێکی گرنگی دەوڵەت بێت، ئاماژەیە بەوەی واشنتۆن زۆر نارازییە لە بەرەوپێشچوونەکانی عێراق و ناوچەکە و دەوروبەری. هێشتا سیاسەتی ڕەسمی ئەمەریکا بریتیە لە پشتیوانیکردنی عێراقێکی یەکگرتوو کە حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزی هەبێت

**ڕاخستنی فەرشی سوور بۆ سەرۆك بارزانی لەواشنتۆن ئەو پەیامەی بە هەرێمی کوردستانیش ڕاگەیاند کە ئیدارەی ئۆباما نەك هەر تەنیا ئامادەیە بەڵکو پەرۆشیشە بۆ فراوانکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ هەولێردا**

له به‌غدا، كه به‌رپرسه‌كانی ئیداره‌ی ئۆباما هانی بارزانیاندا كه «دووباره گفتوگۆ» له‌گه‌ڵ به‌غدا بكاته‌وه. به‌ڵام ره‌فتاره‌كانی دیكه‌ی ئیداره‌كه له ماوه‌ی سه‌ردانه‌كه‌یدا ئاماژه‌ن به گرتنه‌به‌ری ستراتیژیه‌تی «پارسه‌نگدانه‌وه».

ئه‌وه نهێنی نییه له سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مه‌ریكادا كه واشنتۆن به شێوه‌یه‌كی روو له زیاد باوه‌ڕو متمانه‌ی به سه‌رۆك وه‌زیران نوری ئه‌ل مالیكی كز ده‌بێت. نه‌ك ته‌نیا نیگه‌رانن له مه‌یله تاكره‌وییه هه‌ڵكشاوه‌كه‌ی حكومه‌تی مالیكی، به‌ڵكو به‌رپرسانی ئه‌مه‌ریكاش تا ئه‌ندازه‌یه‌كی زۆر نیگه‌رانن له پێوه‌ندییه گه‌رم و گوڕه‌كانی ئه‌و حكومه‌ته له‌گه‌ڵ تاراندا. به‌رهه‌ڵستی ئاشكرای به‌غدا بۆ سه‌پاندنی سزای سه‌ختتر به‌سه‌ر ئێرانداو لێدوانی بێ پێچ و په‌نای وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی عێراق كه به‌رهه‌ڵستی پشتیوانی ده‌ره‌كی ده‌كه‌ن بۆ هێزه‌كانی موعاره‌زه‌ی سووری كه له هه‌وڵی روخاندنی رژێمه هاوپه‌یمانه‌كه‌ی ئێران، رژێمه‌كه‌ی به‌شار ئه‌سه‌د ده‌ده‌ن، نائومێدیه‌كی تاڵ بوو بۆ ئیداره‌كه‌ی ئۆباما.

به‌له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌و به‌ره‌وپێشچوونانه، رێ و ره‌سمی راخستنی فه‌رشی سوور بۆ سه‌رۆك بارزانی خزمه‌تی به دوو ئامانج كرد. یه‌كه‌میان: ئه‌و په‌یامه‌ی به به‌غدا گه‌یاند كه جگه له به‌رده‌وامی بۆ حكومه‌ته‌كه‌ی مالیكی ئه‌مه‌ریكا رێگاچاره‌ی دیكه‌ی له‌به‌رده‌مدایه. دووه‌م: ئه‌و په‌یامه‌ی به هه‌رێمی كوردستان راگه‌یاند كه ئیداره‌ی ئۆباما نه‌ك هه‌ر ته‌نیا ئاماده‌یه به‌ڵكو په‌رۆشیشه بۆ فراوانكردنی پێوه‌ندییه‌كانی له‌گه‌ڵ هه‌ولێردا-ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر هه‌ندێ له‌و هاوكاریانه‌ش له‌سه‌ر حسابی به‌غدا بن.

پێده‌چێت چه‌ند هۆكارێك هه‌بن بۆ ئاوڕدانه‌وه‌ی روو له زیادی واشنتۆن له هه‌رێمی كوردستان. یه‌كێك له‌و هۆكارانه بۆ ماوه‌یه‌كی زۆره له ئارادایه. له ماوه‌ی مانه‌وه‌ی هێزه‌كانی ئه‌مه‌ریكا له عێراق له دوای داگیركارییه‌كه‌ی ساڵی ٢٠٠٣ه‌وه، دانیشتووانی كوردستان لایه‌نێك بوون كه به‌رده‌وام و په‌رۆشانه پشتیوان بوون بۆ ئه‌مه‌ریكا. هۆكاره‌كانی دیكه تا راده‌یه‌ك نوێن. به‌رپرسه حكومی و بازرگانیه‌كانی ئه‌مه‌ریكا به‌رده‌وام ئه‌وه له‌به‌رچاو ده‌گرن كه كوردستانی عێراق ده‌رفه‌تگه‌لێكی سه‌رنجراكێش بۆ كۆمپانیا ئه‌مه‌ریكیه‌كان ده‌ره‌خسێنێت. ئه‌وه گرنگ بوو كه ده‌ستپێكردنی كاره‌كانی ئه‌نجومه‌نی كاری ئه‌مه‌ریكی-كوردستانی هاوكات بوو له‌گه‌ڵ سه‌ردانه‌كه‌ی بارزانیدا. له راستیدا، له یه‌كه‌م كاری ئه‌م ئه‌نجومه‌نه‌دا ئه‌وه وتارێكی پوخت و سه‌ره‌كی خوێنده‌وه. هێشتا ئیداره‌ی ئۆباما ده‌ستوه‌ یه‌خه‌یه له‌گه‌ڵ خراپترین سستبوونی ئابووری له ئه‌مه‌ریكا له ماوه‌ی زیاتر له ٣٠ ساڵدا، ئه‌و په‌رۆشه هه‌لی نوێی ئابووری له ده‌ره‌وه بدۆزێته‌وه. كوردستانی عێراقیش یه‌كێكه له ناوچه سه‌رنجراكێشه‌كانی ته‌واوی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راست بۆ بازرگانی و وه‌به‌رهێنان.

به‌ڵام ئه‌وه ته‌نیا ئابووری نییه كه بایه‌خی سه‌رله‌نوێی واشنتۆن بۆ هه‌رێمی كوردستان روون ده‌كاته‌وه. به‌رژه‌وه‌ندیی و نیگه‌رانیه ئه‌منیه‌كانیش قورسایی ته‌واویان هه‌یه له‌م مه‌سه‌له‌یه‌دا. ره‌نگه ئه‌وه رێككه‌وت نه‌بووبێت كه دوو هه‌فته دوای سه‌ردانه‌كه‌ی بارزانی، جه‌نه‌راڵ جه‌میس جۆنز، راوێژكاری پێشووی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی سه‌رۆك ئۆباما، بووه یه‌كه‌م سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی كاری ئه‌مه‌ریكاو كوردستانی.

ره‌نگه واشنتۆن ته‌فزیلی ئه‌وه بكات كه عێراق یه‌كگرتوو بێت و به‌شێوه‌یه‌كی سه‌ره‌كی مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ به‌غدا بكات، به‌ڵام هاوكاری نه‌كردنی حكومه‌ته‌كه‌ی مالیكی وا له سیاسه‌ت داڕێژه‌رانی ئه‌مه‌ریكا ده‌كات دووباره بیر له مه‌سه‌له‌كان بكه‌نه‌وه. پێده‌چێت به‌رپرسه‌كانی ئیداره‌كه سه‌رقاڵی دانانی «پلانی B» بن، كه تێیدا پێوه‌ندییه سیاسی و ئه‌منیه‌كان له‌گه‌ڵ هه‌ولێردا گرنگتر و به‌رچاوتربن به‌راورد به رابردوو. ره‌نگه سه‌ردانه‌كه‌ی سه‌رۆك بارزانی یه‌كه‌م هه‌نگاوی سه‌ره‌كی بووبێت له‌و پرۆسه‌یه‌دا.

**سه‌ردانه‌كه‌ی مه‌سعود بارزانی سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان له‌سه‌ره‌تای نیساندا بۆ ئه‌مه‌ریكا چه‌ند لایه‌نێكی شارده‌راوه. به‌ڵام گرنگی هه‌بوو**

**به‌رپرسه حكومی و بازرگانیه‌كانی ئه‌مه‌ریكا به‌رده‌وام ئه‌وه له‌به‌رچاو ده‌گرن كه كوردستانی عێراق ده‌رفه‌تگه‌لێكی سه‌رنجراكێش بۆ كۆمپانیا ئه‌مه‌ریكیه‌كان ده‌ره‌خسێنێت. ئه‌وه گرنگ بوو كه ده‌ستپێكردنی كاره‌كانی ئه‌نجومه‌نی كاری ئه‌مه‌ریكی-كوردستانی هاوكات بوو له‌گه‌ڵ سه‌ردانه‌كه‌ی بارزانیدا**

**ره‌نگه ئه‌وه رێككه‌وت نه‌بووبێت كه دوو هه‌فته دوای سه‌ردانه‌كه‌ی بارزانی، جه‌نه‌راڵ جه‌میس جۆنز، راوێژكاری پێشووی ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی سه‌رۆك ئۆباما، بوو به یه‌كه‌م سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نی كاری ئه‌مه‌ریكا و كوردستانی**

**واشنتۆن به شێوه‌یه‌كی روو له زیاد باوه‌ڕ و متمانه‌ی به سه‌رۆك وه‌زیران نووری ئه‌ل مالیكی كز ده‌بێت. نه‌ك ته‌نیا نیگه‌رانن له مه‌یله تاكره‌وییه هه‌ڵكشاوه‌كه‌ی حكومه‌تی مالیكی، به‌ڵكو نیگه‌رانن له پێوه‌ندییه گه‌رم و گوڕه‌كانی ئه‌و حكومه‌ته له‌گه‌ڵ تاراندا**



# سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ تورکیا

هەموو جارێك كە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی كوردستان سەردانی دەرەوە دەكات، دیمەنێك سەرنجی ڕۆژنامەنووسان و تۆژەران و چاودێران ڕادەكێشێت، ئەویش ئەوەیە چۆن بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی دەوڵەتێكی سەربەخۆ نییە و بەئاستی سەرۆكی دەوڵەتێكی سەربەخۆ لەڕووی پرۆتۆكۆلیەوە پێشوازی لێدەكرێت، ئەمەی دەیڵێن بۆچوونی كوردێك نییە لەڕووی سۆزەوە بەو جۆرە سەیری سەرۆكەكەی بكات، بەڵكو ئەمە قسەی ئەو تۆژەر و ڕۆژنامەنووسانەیە كە لە ڕێوڕەسمی پێشوازی كردنەكە ئامادەن، هەر لەم ژمارەیەی گوڵان و لەوتارێكی تایبەتدا بۆ گوڵان، پرۆفیسۆر تید گەلن كارپنتەر كە جێگری سەرۆكی ئامۆژگای كاتۆیە بۆ دیراساتی ستراتیژی و تایبەتمەندە لەسیاسەتی دەرەوەو بەرگری ئەمریكا، سەبارەت بەسەردانی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی بۆ واشنتۆن، ئاماژەی بەوەكردووە، ئەوە كارێكی زۆر سەیرە كاتێك دەبینین سەرۆك بارزانی لەلایەن سەرۆك و جێگری سەرۆكی ئەمریكا و وەزیری دەرەوەی ئەمریكا پێشوازی لێدەكرێت و كۆبوونەوەی تایبەتی لەگەڵ دەكرێت، كارپنتەر دەڵێت بۆ كەسێك سەرۆك دەوڵەت نەبێت با ناسراویش بێت، گرنگە جێگری وەزیری دەرەوە كاتی بۆ تەرخان بكات، بەڵام كاتێك بارزانی

> **سەردانی ئەمجارەی بەڕێز سەرۆك بارزانی بەئاستی پرۆتۆكۆلی سەرۆك دەوڵەت بەهەنگاوێكی پۆزەتیف لەقەڵەم دەدەم**

دەبینین لەسەر ئاستی سەرۆك ئۆباما و هیلاری كلینتۆن وەزیری دەرەوە پێشوازی لێدەكرێت و كۆبوونەوەی لەگەڵ دەكرێت، ئەمە كارێكە لەسەروو هەموو مەزندەیەكەوەیە، كارپنتەر لەم ڕوانگەیەوە سەردانی بارزانی بۆ كۆشكی سپی نەك هەر بەسەردانێكی مێژوویی وەسف دەكات، بەڵكو بەسیاسەتی پارسەنگدانەوەی ئەمریكا بۆ بایەخدانی بەهەرێمی كوردستان لێكدەداتەوە، لەمەش گرنگتر ئاستی پێشوازی بەڕێز مسعود بارزانی بوو لەسەر ئاستی سەرۆك وەزیران و سەرۆك كۆمار لەتوركیا وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان، كە ئەمەشیان وەك پەیامنێری بەشی ئینگلیزی دەنگی ئەمریكا ئاماژەی پێكردووە سەرۆك بارزانی بەئاستی سەرۆكی دەوڵەت پێشوازی لێكراوە، خاڵی گرنگ لەم وەرچەرخانەی پێوەندی نێوان هەولێر و ئەنكەرا،



# تێگەیشتنێکی نوێ لەنێوان ئەنکەرا و هەولێردا

وەرچەرخانێکی ئاسایی نییەو دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئاشتیخوازانە و سیاسەتی واقیعیانەی سەرۆك بارزانی کە توانی لەم ناوچە نا ئارامەدا هەرێمی کوردستان بکاتە پێگەیەك کە بتوانرێت سیاسەتێکی هاوسەنگ و سەربەرخۆ پیادە بکات، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەند ساڵێکی کەم پێش ئێستا لەپێوەندییەکانی

**خاڵی گرنگ لەم وەرچەرخانەی پێوەندی نێوان هەولێر و ئەنکەرا، وەرچەرخانێکی ئاسایی نییە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئاشتیخوازانە و سیاسەتی واقیعیانەی سەرۆك بارزانی**

نێوان ئەنکەرا و هەولێر، وەك پرۆفیسۆر داڤید فلێپس لەسەنتەری ترانس ئەتڵەنتیك ئاماژەی پێکردووە، هەر لەخەو دەچێت و لەوانەیە زۆر کەمبن ئەو تۆژەر و ئەکادیمیانەی مەزندەیان کردبێت پێوەندی نێوان هەولێر و ئەنکەرا بەو ئاستە ئاسایی بێتەوە و بگاتە ئەوەی حکومەتی تورکیا کونسوڵخانەی خۆی لەهەولێر بکاتەوەو سەرۆك وەزیرانی تورکیا سەردانی هەولێر بکات و سەرۆك بارزانیش وەك سەرۆکی دەوڵەت لەلایەن سەرۆك وەزیران و سەرۆکی کۆمارەوە پێشوازی لێبکرێت، لەسەر پرسە گرنگەکانی نێوان هەردوولا و ناوچەکە کۆببنەوە، سەبارەت بەم سەردانە پرسیارمان لە رۆژنامەنووس هاکان تەهماز سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاشتی لە ئەستەنبوڵ کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ئاماژەی بەسەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ تورکیا کردو وتی: (بەڕای من ئەم سەردانە زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی کاتێك سەیری پێوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکەین، هەست دەکەین بەدرێژایی مێژوو و تاوەکو ساڵانی ٢٠٠٧-

**سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ تورکیا بۆ تاوتوێکردنی کێشەکانی عێراق و ناوچەکە لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ئاماژەیە بۆ زیادبوونی کاریگەری بارزانی بە بەراورد لەگەڵ پێنج ساڵ لەمەوبەردا**



٢٠٠٨، هەڵوێستی حکومەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان و بەرامبەر سەرکردە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان پێوەندی کەسی بووە، بەڵام سەردانی ئەمجارەی بارزانی بەو جۆرە لەمیدیاکانی تورکیا ڕەنگیداوەتەوە، کە بەڕێز سەرۆك بارزانی بەئاستی پرۆتۆکۆلی سەرۆك دەوڵەت پێشوازی لێکراوە منیش ئەمە بەهەنگاوێکی پۆزەتیڤ لەقەڵەم دەدەم و پێموایە ئەمە نیشانەی ئەوەیە پێوەندییەکانی نێوان هەردوولا توندو تۆڵن و هەردوولا هەوڵدەدن زیاتر ئەم توندوتۆڵیە بچەسپێنن، لەلایەکی دیکەو سەبارەت بەکێشەکانی ناوخۆیی عێراقیش دیسان ئەم سەردانەی بارزانی لای من زۆر گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی ئاماژە بوو بۆ کاریگەری ڕۆڵی کورد لەچارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقدا زیاتر لەڕۆڵی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەتایبەتی لەمەسەلەی کەرکوکدا، پێویستە ئەوەش بڵێم کە تورکیا لەکاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لەو

**بوونی کاراکتەرێکی سیاسی کورد بەهاوشێوەی مسعود بارزانی لەبەرامبەر هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە گرنگە**

بڕوایەدابوو کە کوردەکان تووشی کێشە دەبن و ئاژاوە لەناوچەکەیان سەرهەڵدەدات، بەڵام ئێستا ئەوە دەبینین کە داهاتووی عێراق بەتەواوەتی پەیوەستە بەئیرادەی سیاسی کوردەکانەوە و پێموایە کاریگەری کوردەکان زۆر زیادی کردووە لەم ڕووەوە، سەردانی سەرۆك بارزانیش بۆ تورکیا بۆ تاوتوێکردنی کێشەکانی عێراق و ناوچەکە لەگەڵ سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ئاماژەیە بۆ زیادبوونی کاریگەری بارزانی بە بەراورد لەگەڵ پێنج ساڵ لەمەوبەردا، هەربۆیە ئەم ڕۆڵەی بارزانی بۆ کوردی ناوچەکە هەمووی گرنگە، ئەمەش بەو مانایەی بوونی کاراکتەرێکی سیاسی کورد بەهاوشێوەی مسعود بارزانی لەبەرامبەر هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە گرنگە، من پێموایە دەوڵەتێك دان بەکاریگەری بارزانی و تاڵەبانی بنێ زۆر خێراتر دەتوانێ کێشە ناوەکیەکانی خۆی چارەسەر بکات. من وەك تاکێکی سۆشیالێست و ئاکتیڤیستێکی ئاشتی سەردانەکەی بەڕێزیان و هەڵوێستیان بەرامبەر بەکوردەکانی تورکیا زۆر گرنگە و گرنگی ڕۆڵی کوردەکانیش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتەڕوو کە کوردەکان ڕۆڵ دەگێڕن لەئاسایی بوونەوەی عێراق و تورکیا و دەوڵەتانی تری ناوچەکەش و سەبارەت بەمە لەتورکیا چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێ، ئەمەش لەڕووی سیاسیەوە بۆ کورد زۆر گرنگە)).

**تاکڕەوی مالیکی**

**تورکیاشی بێزار کردووە**

تورکیا وەك دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەیی (Regional super power) و ئەندامی هاوپەیمانی ئەتڵەسی ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگی لەسەر تەواوی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی ناوچەکە هەیە، هەرێمی کوردستانیش کە بەشێکی گرنگی ئەو ناوچە ئاڵۆزەیە بۆیە هیچ گومانی تێدانییە لەهەموو دیدار و کۆبوونەوەکانی نێوان سەرۆك بارزانی و سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆماری تورکیا تەواوی ئەو پرسانە تاتوێ دەکرێن، سەبارەت بە گرنگی کۆبوونەوەکانی نێوان سەرۆك بارزانی و سەرۆك وەزیرانی تورکیان پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ڤەیسەلە ئەیهان تۆژەری باڵای سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئامۆژگای ئۆسرەم (OSRAM) کرد و سەبارەت بەبایەخ

**لەساڵانی ٢٠٠٠ەوە بارزانی هەڵوێستێکی گشتگری لەبەرامبەر پرسی کورد لەتورکیا هەبووە کە بریتییە لەڕێگەچارەی ئاشتیانە و بەبێ توندوتیژی و وەرگرتنی مافی بنەڕەتی کوردەکان**



و گرنگی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (پێموایە ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی سەردانێکی مێژوییە، چونکە کێشە و ناکۆکیەکانی مالیکی لەئارادایە و لەهەمان کاتیشدا کێشەی سوریا بەشێوەیەکی زۆر کاریگەرانە کاری کردۆتە سەر هەردوو لا (تورکیا و هەرێمی کوردستان)، هەروەها دەتوانین هەردوولا تورکیا و هەرێمی کوردستان بەهاوپەیمانی ڕۆژئاوا لەناوچەکە دابنێین، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەم دوولایەنە دەتوانن پێکەوە لەسەر کێشەکان وتووێژ بکەن و پێکەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، لەبەر ئەوەی کێشەکان هاوبەشن لەنێوان هەردوولادا، هەربۆ نموونە ئێستا مالیکی تەواو بەرەو تاکڕەویی ملی ناوەو هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەستی خۆیدا قۆرخکردووە، ئەمەش مەسەلەیەکە نە بارزانی قبوڵی دەکات و نە لەبەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیاشدایە مالیکی بەو جۆرە ڕەفتار بکات، لەهەمان کاتدا سەبارەت بە سوریاش مەترسی کەوتنەوەی شەڕێك لەسوریا هەیە، ئەم شەڕەش بۆ تورکیا و بارزانی وەك یەکە، بۆیە من ئەم سەردانە وەك تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر پرسە هاوبەشەکانی نێوانیان دەبینم. ئێمە لەدوا هەڵبژاردنی عێراق ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە عێراق وڵاتێك نییە کە تەنیا گرووپێك یان وڵاتێك بتوانێ کاری تێبکا، لەبەر ئەوەی وڵاتێکە لەناوخۆیدا دابەش بووە، هەربۆیە تورکیا بەتەنیا ناتوانێ سیاسەتی وڵاتێکی وەك عێراق ڕێکبخات و چاکی بکات، بەڵام لەهەمان کاتدا ئێران و گروپە شیعەکانی تر ناتوانن ئەو سیاسەتەی کە دەیانەوێ بەتەنیا بەسەر عێراقی بسەپێنن، بۆیە من پێموایە لەگەڵ ئەم سەردانانە تورکیا جارێکی تر ئەم پەیامانەی گەیاندوە. هەروەکو دەزانن مالیکی چەندین ڕوونکردنەوەی بەهێزی لەبەرامبەر تورکیا هەبوو کە پێویستە تورکیا چیتر خۆی لەسیاسەتی ناوەخۆی عێراق هەڵنەخورتێنی و خۆی لەمەسەلەکانی ناوەخۆی عێراق بەدوور بگرێ، بەڵام پێویستە ئەمەش بڵێم کە هیچ وڵاتێکی دەوروبەر نەماوە دەست لەسیاسەتی عێراق وەرنەدات هەر لەئێرانەوە تاوەکو سوریا گشتیان هەوڵی زیادکردنی بوار و کاریگەرێتی خۆیان دەدەن لەمەیدانی سیاسی عێراق، ئالێرەدا تورکیا لەگەڵ کوردەکان و عەرەبە سوننەکان ئەو پەیامە دەگەینێ کەوا دەست بەرداری سیاسەتی عێراق نابێ و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ڕەوتی گەشەسەندنەکان لەمەیدانی سیاسی عێراق دەسەپێنێ و لێناگەرێ گەشەسەندنێکی دژ بەقازانجی تورکیا لەوێدا ڕووبدات)).

**نێچیرڤان بارزانی پێشتریش توانیوویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لەپێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بگێڕێت. تورکیا وەك پێوەندی نێوان دوو هاوسێ و دوو دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات**

### ستراتیژی حکومەتی تورکیا و چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا

ستراتیژی تازەی حکومەتی تورکیا بەو شێوەیەیە کە بەشێوازی دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە، سەرۆك بارزانیش هەموو کات ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەو پشتگیری لەسیاسەتی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و هەموو کێشەکان دەکاتەوە، سەبارەت بەم لایەنە هاکان تەهماز لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە باسی هەڵوێستی سەرۆك بارزانی کردو وتی: (هەر لەساڵانی ٢٠٠٠ـەوە بارزانی هەڵوێستێکی گشتگری لەبەرامبەر پرسی کورد لەتورکیا هەیە ئەمیش بریتییە

**تورکیا پێویستە ئەوە بزانێت کە کێشەی کورد گۆڕانی بەسەرداهاتووە و ئێستا حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نییە**





هاکان تەهماز بۆ گوڵان:

# ئەم سەردانەی بارزانی ئاماژە بوو بۆ کاریگەری ڕۆڵی کورد لەچارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق زیاتر لەڕۆڵی تورکیا

لەڕێگەچارەی ئاشتیانە و بەبێ توندوتیژی و وەرگرتنی مافی بنەڕەتی کوردەکان. لەمەوبەریش بەڕێزیان لەدوایین کۆبوونەوە بەڕوونترین شێوە هەڵوێستی خۆی دەرخست کە هیچ کام لەسەرکردە کوردەکان بەم شێوەیە هەڵوێستیان وەرنەگرتووە کە «من پاڵپشتی هیچ ڕێگەچارەیەکی لاوەکی نیم و لەچارەسەرکردنی پرسی کورد بەشێوەیەکی دیموکراتیانە من پاڵپشتکاری گشت ڕێگەچارەکانم» و ئەوەیان دوپات کردەوە کە پێویستە ئیتر ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ، بۆیە من لەوبڕوایەدام کە بەڕێزیان ڕۆڵێکی گرنگ لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا دەگێڕن. لەناوەندێکی بەم شێوەیە و لەناو سیاسەتێکی پەیڕەوکراوی بەو شێوەیە بوونی بەڕێز بارزانی لەڕووی چارەسەری کێشەکان و پاڵپشتیکردنی بەسەرچوونی ئەم ماوەیە بەشێوەیەکی ئاشتیانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ، چونکە چیتر هەر کێشەیەکی وڵاتێکی ناوچەکە تەنیا کێشەی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکو کێشەی گشت وڵاتانی ناوچەکەیە، بۆیە پێموایە ڕۆڵی گشت سەرکردەکانی ناوچەکە لە سەقامگیرکردنی ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکان زۆر گرنگە و بوونی ئەکتەرێکی کوردیش لەم ڕووەوە بۆ هەڵوێستی سیاسی کورد لەناوچەکە زۆر گرنگە، تورکیاش پێویستە ئەوە بزانێت کە کێشەی کورد گۆڕانی بەسەرداهاتووە و ئێستا حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نییە.))

### سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا پتەوکردنی پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان

سەردانە سەرکەوتووەکەی سەرۆک بارزانی بۆ تورکیا زەمینەیەکی لەبار بۆ سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکات، بۆیە لەئێستاوە چاودێران پێیانوایە ئەم سەردانەی نێچیرڤان بارزانیش بۆ تورکیا لایەنێکی دیکەی پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرا دووبارە دەخاتەوە جووڵە، کە ئەویش لایەنی ئابووری و بازرگانی. سەبارەت بەم سەردانە پرۆفیسۆر ڤەیسەل ئیهان لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وێڕای ئەوەی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەشێکی بەرنامەکەی نێچیرڤان بارزانی تایبەت دەبێت بەکێشە سیاسییەکان، بەڵام بەشێکیشی تایبەت دەبێت بەلایەنی ئابووری و بازرگانی، لەمبارەوە وتی:(کاتێ سەیری سیاسەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەکەین دەبینین سەرکردەیەکە کە گرنگی بەئابووری دەدات هەم لەناوچەکە و هەمیش لەتاقیکردنەوەی سیاسی خۆی کە هەمیشە بەم شێوەیە بووە. لەمەوبەر خاوەنی سیاسەتێکی ئابووری جددی بووە و بۆیەش دووبارەبوونەوەی بەسەرۆکی حکومەت بەرگێکی چالاکتر دەکاتە بەر پێوەندیە ئابووریەکان. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی هەوڵی بە پەرەپێدانی پێوەندی ئابووری و فراوانکردنی ئەم بوارە دەدات و زیاتر

**کاتێ سەرۆک بارزانی سەردانی تورکیای کرد وەک سەرۆک دەوڵەتێک پێشوازی لێکرا. بۆیە دەبێت بیرکردنەوەش بەرامبەر هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەردا بێت**





ڤەیسەل ئەیهان بۆ گوڵان:

# تاکرەویی بوونی مالیکی مەسەلەیەکە نە بارزانی قبوڵی دەکات و نە لەبەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیاشدایە

دوور بیردەکاتەوە و پێموایە لەدوای چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەرێگەیەکی ئاشتیانە پێشبینی گەشەسەندنی ئابووری و گەشەسەندنی ناوچەکە دەکات. تورکیاش دەتوانێ لەبورای ئابووریەوە کرانەوەی جددی بکات، پێوەندیەکان بەشێوەیەکی دوو قوڵی زۆر خێراتر گەشە دەسەنێ لەرێگەی رێککەوتنەکانەوە، بۆیە ئێستا بەسەرکردایەتی نێچیرڤان بارزانی رێککەوتنی نوێ و قازانجی نوێ دێتە کایەوە، نێچیرڤان بارزانی خۆی لەخۆیدا شوێنی لەناو پارتەکەی و تەنانەت لەناو کۆمەڵگەش دیارە، بۆیە لەڕوانگەی تورکیاوە کارکردن لەگەڵ کەسایەتیەکی لەم جۆرە زۆر ئاسانتر و شیاوترە)).

ئەم لایەنەی پرۆفیسۆر ڤەیسەل ئیهان سەبارەت بەکەسێتی نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی پێکرد یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی بەرێزیان کە خەڵك ئومێدێکی زۆری پێی هەیە، لەو چوارچێوەیەدا هاکان تەهمازیش پێییوایە ئێستا هەردوولا تورکیا و هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابوورییەوە زۆر پێویستیان بە یەکترییە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی تورکیا هەنگاوی جددی تر بچێتە پێشەوە، لەم چوارچێوەیەدا وتی:(قازانجی هەردوو لا تورکیا و هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێك کە پێویستی بەهاوپەیمانی و لێکتێگەیشتنی زیاتر هەیە بەهۆی وەبەرهێنان و پێوەندیە ئابووریەکان، بۆیە پێویستە ئەوەش بەئاشکرایی بڵێم هەردوو لا پێویستیان بە هاوپەیمانێتیە بۆ قازانجی بەرامبەر و تێچوونی کەمتر، هەروەها لەبەر ئەوەی نێچیرڤان بارزانی پێشتریش توانیوویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لەپێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بگێرێت،

**تورکیا لەگەڵ کوردەکان و عەرەبە سوننەکان ئەو پەیامە دەگەیەنێ کەوا دەستبەرداری سیاسەتی عێراق نابێ و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ڕەوتی گەشەسەندنەکان لەمەیدانی سیاسی عێراق دەسەپێنێ**

بۆیە مەزندە دەکرێت، ڕۆڵێکی پۆزەتیف بگێرێ، ئیتر تورکیا وەك پێوەندی نێوان دوو هاوسێ و دوو دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات خۆشتان دەزانن کە پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان بریتییە لەپێوەندی بنیادنراو لەسەر قازانج، بۆیە پێموایە تورکیاش ئەمە بەهەل دەزانێ و بیر لەقازانجی خۆی دەکاتەوە کە لەتەنیشتیەوە هاوسێیەکی کوردی هەیە و ئەم هەلە دەقۆزێتەوە، من دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە چیتر ئەگەری ئەوە نەماوە پێوەندیەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان وەك جارانی پێشووی لێبێتەوە، هەرچەندە گروپێکی کەمی نەتەوە پەرست هەر لەسەر بۆچوون و رایە کۆنەکانی خۆیانن، بەڵام ئەمە شتێکی بێبەرامبەرە و هیچ نرخی نییە تەنانەت لەئاستی حکومەتیشەوە لەم ڕووەوە تورکیا پێویستە چاوی بکاتەوە لەبەر ئەوەی سیستەمێکی بەڕێوەبەری دەستووری هەرێمی کوردستان هەیە و کاتێ سەرۆك بارزانی سەردانی تورکیای کرد وەك سەرۆك دەوڵەتێك پێشوازی لێکرا، بۆیە دەبێت بیرکردنەوەش بەرامبەر هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەردا بێت.

# ئەزموونی فەرمانڕەوایەتیی عیراقی لە هەڵوێستیدا بەرانبەر گەلی کورد



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

ژمارە (٨٧٦) ■ ٢٠١٢/٤/٢٣



**پێویستە لەسەر حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان ڕێگەچارەی نوێ بدۆزێتەوە، بە بێ ئەوەی گرژی دروست بکات، چارەسەری کەموکورتی و هەڵەکانی پێشوویش بکات و تا یەکبوونی جەماوەری و سیاسی ناو هەرێمی کوردستان وەدیبهێنێتەوە**

وڵاتی عیراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢١ـ٢٠١٢ شەش ڕژێمی سیاسی بەخۆیەوە بینیوە، هەر لە ڕژێمی پاشایەتییەوە(١٩٢١ـ١٩٥٨) دەستی پێکردووەو پێنج کۆماری تری بەدوادا هاتووە، یەکەمیان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ــ١٩٦٣، دووەمیان١٩٦٣ـ١٩٦٨، سێیەمیان١٩٦٨ـ٢٠٠٣، پێنجەمین کۆماریان لە ساڵی ٢٠٠٣وەو تا ئێستاش بەردەوامە...!

لە ساڵی ١٩٢٦ بە پێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان و لە ڕێی نامە ئاڵوگۆڕکێیەکانی نێوان ئەنجومەنەکەو فەیسەڵ پاشای یەکەمین و ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراقییەوە، ویلایەتی موسڵیش خرایە سەر عیراق کە لە دوتوێیاندا کۆمەڵێك پابەندبوون بۆ زامن کردنی مافەکانی گەلی کورد هەبوون و ئەو پابەندبوونانە وەك سەرە سۆدرە خرانە ئەستۆی حکومەتی عیراقییەوە تا لە بەرژەوەندی مافەکانی گەلی کوردا بن و حکومەت بۆیان جێبەجێیان بکات، ئەو کات ویلایەتی موسڵ بریتی بوو لە کەرکوك و موسڵ و سلێمانی و هەولێر.

بەڵام حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عیراق بە ڕێکەوتنەکان و وادەی بەڵێنەکانەوە پابەند نەبوون، چ لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی یان لە ماوەی دەوڵەتی مونتەدەب کەلە لایەن بەریتانیەکانەوە بڕیاری لێ درابوو، هەروەها پابەند نەبوون بە بەڵێنەکانی تریانەوە کە یەکێتی خاك و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تێدا دەسەلمێنرا، لەو کاتانەوە کێشەی کورد ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر پەرەی دەستێنا، هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە کە بە بەڵێنەکانەوە پابەند نەبوون و لە ئاکامدا بۆ چەوسانەوەی گەلی کورد چەکیان خستە کار تا بیانتاوێننەوە، ئەمەش بووە هاندەرێك بۆ خەباتی هاوبەشانەی کوردو عارەب لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی یەکەمین کۆماری عیراقیدا..

ئومێد دەکرا لەوەی لە یەکەمین کۆماری عیراقیدا ڕۆڵێکی بەرفراوانتر بۆ داوا ڕەواکانی گەلی کورد فەراهەم بێت، دوای ئەوەی لە دەستووردا بە فەرمی ددان نرا بە بوونی کوردا نەك وەك نەتەوەیەك و بەس، بەڵکو وەك برا بەش لەم نیشتمانەداو تا هاوزای کوڕان و کیژانی تری ئەم وڵاتە مافی یەکسانیان بۆ دەسەبەر بکرێت، بەڵام بەردەوامبوون و مانەوەی هێزەچەکدارەکانی عیراق بەسەر کورسی دەسەڵاتەوەو نەگەڕانەوەیان بۆ سەربازگەکانی خۆیان و پێنەبەخشینەوەی دەسەڵات بە هێزە سیاسییە مەدەنییەکانی عیراق، هەموو ئەمانە ڕێگەیان نەدا بە دروست بوون و پەرەسەندنی ژیانی دەستووری و پەرلەمانی و دیموکراتی و نەیانهێشت مافە ڕەواکانی گەلی کورد زامن بکرێن، بۆیە پاڵی نا بەو گەلەوە تا شۆڕش بەرپا بکەن، ئەوەش سەرەتای کۆتایی حوکمەکانی عیراق بوو کە لە شوباتی ساڵی ١٩٦٣ لەسەر دەستی بەعسیی و نەتەوەییە فاشستەکان و بە پاڵپشتی هێزە ئاینی و دەرەبەگ و بازرگانەکان و هەروەها بە بەشداربوونی ڕاستەوخۆی سەرکردایەتی کوردەوە، ەسەر ئەو بڕوایەی (وژمنی دوژمنەکەم هاوڕێمە) تەخت و تاراجی ڕژێمی یەکەمین کۆماری ڕووخێنرا!

ئەم هاوڕێ بەعسیە نەتەوەییە ساختەکارانەی دوای ئەو ڕژێمە هاتن و ئەوانیش لە بەرانبەر گەلی کورد بە بەڵێنەکانی خۆیانەوە پابەند نەبوون، بەڵکو جەنگیان لە دژی ئەم گەلە ڕاگەیاند، ئەوەش سەرەتای کۆتایی ئەوانیش بوو بۆ حزبی بەعس، کاتێك لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ کۆتایی بەو کۆمارە بەعسییەش هات تا دواتر کۆمارە ڕاستڕەوەکەی سێیەمین دامەزراو ئەویش بە ڕۆڵی خۆی هاوتای بەعسییەکان لە دژی گەلی کورد شەڕیان بەرپاکردەوە، دیسانەوە هێزە فەرمانڕەوایەکان یەکەمین بزماریان بە تابووتی ڕژێمە شۆفینستەکەی خۆیانەوە داکوتا، دیموکراتیەت و ژیانی دەستوورییان نەهێشت، ئەو ڕژێمەش لەسەردەستی هاوپەیمانەکانی پێشووی خۆیان و لە ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ ڕووخێنران و ئینجا ڕژێمی دووەمی بەعسی دامەزراو لە چوارەمین کۆماری عیراقدا بە دوژمنایەتیی کردنی دیموکراتیەت و ستەمکارانەو بە ترس و بیمێکی زۆرەوە سەری لە هێلکە جوقا، ئەم ڕژێمەش لە ناوەوەو دەرەوە زنجیرەیەك جەنگی یەك لە دوا یەکی بەرپاکردو تاوانەکانی ئەنفال و بە عارەبکردن و بەزۆر کۆڕەوپێکردن و دەربەدەرکردنی گەلی کوردو جینۆسایدی هەڵەبجەی خوڵقاند، هاوشێوەی حوکمی پاشایەتی ئەم کۆمارە بۆگەنەش لە ژێر زەبری ئاگرپژێن و لێدانەکانی هاوپەیماناندا داڕما، دوای ئەوەی هەموو هێزەسیاسیەکان و گەلی عیراق وێڕای قوربانی و خەباتی بێوچانیان لە دژی ئەم ڕژیمە سەرکوتکارە نەیانتوانی بیڕووخێنن، لە ناو خۆڵەمێشی ئەو ڕژێمە فاشستە خوێنڕێژەدا پێنجەمین کۆمار لە نیسانی ٢٠٠٣ و لە ژێر سایەی داگیرکاریی ئەمەریکی و بەریتانیایی دامەزرێنرا، لەسەر بنەمای هاوپەیمانێتی ئیتنی و ئایینی و مەزهەبی، بە پێی موحاسەسەی تایەفەگەری و ئیتنی تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم ڕژێمە سیاسیەی ئێستا درێژەی هەیە..

بەهۆی ئەو میتۆدە تایەفەگەرییەی لە چوار حکومەتەکەی پێشووەوە بۆ کۆماری پێنجەم بە میرات مابۆوە، ئازادییە گشتییەکان هەمووی قۆرخکرابوو لە لایەن دیکتاتۆریەتێکی ڕاستەوخۆی فاشستەوە، ئێستاش ڕەوڕەوەی حوکم لە ژێر سایەی تاقانە حزبێك و تاقانە کەسایەتییەکدایە کە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەو دەوڵەت و پارەو سامانی کردووەو دەستوور پێشێل دەکات..

ئەگەرچی مەترسی ململانێی تایەفەگەری هەڕەشەیەکە بۆ یەکبوونی کومەڵگەو گواستنەوەی ململانێیەکەیە بەرەو تاکە تاکەی ئەندامانی کۆمەڵگەو هێزە چەکدارەکان

و دامودەزگاکانــی دەوڵەتیەوەو زەمینــەش بۆ جەنگێکی تایەفەگەریی و ئەهلی خــۆش دەکات، بەڵام ئەم گرژی و ململانێیــەی ئەم دواییەی لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردســتان دروست بووە هەرەشەیەکی ڕاســتەوخۆیەو لە شــێوەی ململانێیەکی نەتەوەیی نوێ و مەترسییەکی گەورەترە بۆ کۆماری پێنجەمین..

دیارە ســەرۆك وەزیرانی ئێستای عیراق بڕوای بە خۆی هێناوە کــە هێزێکــی ناوخۆیی و هەرێمایەتــی وای لە پشتە بتوانێت بارســتایی ململانێ لە بەرانبەر حکومەتی هەرێمی کوردســتان و هێــزە دیموکراتخوازەکانی عیراقی جڵەوگیــر بکات و لە بەرژەوەندی خۆیدا بیســوڕێنێت، بۆ ئەوەش پشتی بەستووە بە هەژموونی خۆیەوە لەسەر سوپای سەربازی و هاوپەیمانێتی هەڵوەشاوەی شیعیی لە لایەك و هەروەها هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئێران وەك تایەفەگەرییەکی سیاســی لە لای ترەوە، دەکەوێتە ناو هەڵەیەکی کوشندەی وا، کــە هەموو کۆمەڵگەی عیراقی پێوەی زیانمەند دەبن، چەندین حکومــەت و ڕژێمی یەك لە دوای یەك داتەپیون کاتێك پشــتیان لە یەکێتی نیشتمانی عیراقی کردووە، یان کاتێك ئازادییەکان و ژیانی دیموکراتییان پێشــێل کردووەو مافەکانــی گەلیان ژێر پــێ ناوە، چونکــە ململانێ و دوبەرەکیی تایەفەگــەری و نەتەوەییان ورواندووە، هەمان چارەنووس چاوەڕێی هــەر فەرمانڕەواییەکی تر دەکات گەر بە هەمان سیاسەتەوە بیەوێت زیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی عیراق بگەیەنێت، بۆیە پێویستە هەمووان بەرەنگاری ئەو شێوازەی سیاسەت ببنەوە..

سیاســەتەکانی ئێستای مالیکی تەنیا زیان بە خۆی و ماڵباتی شیعی و تەنیا زیانیش بە توێژێکی ناو کۆمەڵگەی عیراقی ناگەیەنێت، بەڵکو زیانەکەی تەشــەنە دەکاتە ناو هەموو خانەیەکی گەلانی عیراقەوەو جۆرەها دوژمنایەتی بۆ هەمووان دروســت دەکات، ئەمە سیاسەتی (کەری بۆز حەزی بە تۆپینی خۆیی و زەرەری ساحێبێتی)یە، ئەمەش بۆ عیراق و گەلەکەمان کەس پێی ڕەزامەند نابێت، مالیکی زۆر کەسانی هەڵەشەی دامەزراندووە تا بە دەنگی بێزراوەوە بەرگری لەو پرســانە بکەن کە پێویســت ناکات بۆ هیچ کەســێکی عاقڵ تێیدا گەمە بە ئازادییە گشــتییەکان و مافە مەدەنییەکانی گەلی عیراق و هێزگەلە نیشتمانیەکەی ئەم وڵاتە بکات، کۆنترۆڵ کردنی هەر ســێ دەسەڵاتیش وڵاتەکەی پەلکێشــی نــاو گرفتانێکی زیاتــر کردووەو بارودۆخی عیراق زیاتر دەئاڵۆزکێنێت، پێویستە لێپرسنەوە لە بەرپرسانی ئەو سێ دەسەڵاتە بکرێت، داخۆ بۆچی دەهێڵن دست وەربدرێ لە ئەرك و دەسەڵاتەکانیان؟!

ئەزموونی دەیان ساڵە نیشانمان دەدا کە دەست پێکردنی هەر ململانێیەك لەگەڵ گەلی کوردو هێزە سیاســییەکانی کوردستان دەرئەنجام نەهامەتی بۆ هەموو گەلی عیراق و ئابووری وڵاتەکەو پێشــکەوتنەکەی لێ کەوتۆتەوە، لەبەر ئەوە ئەرکێکی نیشــتمانی سەرشــانی هەموو لایەنەکانە بیریێك لە چارەســەری ئەم بارە ناهەموارە نوێیە بکەنەوە کە ڕەهێڵ و فاکتەرە نەتەوەییەکان لەگەڵ ئاینی و مەزهەبی و سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەناو یەکدا چوون..

ســوکایەتی کردن بە مەســەلەی کــوردو ڕاگەیاندنی ململانــێ دژ بە گەلی کورد خۆکوژی بــووە بۆ هەموو ڕژێمەکانی پێشــووی عیراق خۆکوژیــش دەبێت بۆ هەر ڕژێمێــك کارێکی وا بکات، ئــەوەی ئەمڕۆ تێیدا دەژێین سووربوونە لەســەر ئەوەی کەحکومەتی بەغدا دەیەوێت بە هەمان ڕێی داخراودا بچێتەوە، چ لە هەڵوێســتیدا بەرانبەر کوردو یان بەرانبەر لایەنەکانی تری وەك لیســتی عیراقیە، لە دەروەستێکی تەسکی تایەفەگەرییەوە..

ئەرکــی سەرشــانی کۆمەڵگــە، خۆڕزگارکردنیانە لە موحاسەســەی تایەفەگــەری و وەرچەرخانیانــە بــەرەو پرۆســەی هاووڵاتی بوون و ڕووکردنیانە لەحزبە ئاناینی و دوورە مەزهەبیــی و تایەفەگەرییەکان، تا ئەوەش وەدیدێت پێویســتە ڕێگەچارەیەك بۆ گرفتەکانی ئێستا بدۆزرێتەوە ئەوەش لە ڕێی کۆنگرەیەکی نیشتمانیەوە کە بڕیارە هەموو هێزە سیاســییەکانی عیراقی بێ ئیستیســنا تێدا بەشدار ببن بۆ دانانی بنەمای هاوچەرخ و نوێی فەرمانڕەوایەتی و دووەرخســتنەوەی هەژموونگەرایــی کــردن بە ســێ دەسەڵاتەکەوە لە ڕێی دەســەڵاتی جێبەجێکارەوە، هەروەها پێویستە چاویش بخشێنرێتەوە بە لیستی کارە هاوبەشەکانی هەردوو حکومەتی بەغداو هەولێرو دۆزینەوەی چارەســەر بۆ کێشــە هەڵپەســێراوەکان لە ڕێی دانوستاندن و هەوڵدان بۆ چارەســەری گرفتەکانی ئێستاو دوانەخستنیان تا زیاتر نەئاڵۆسکێن بەسەر یەکتردا، وەك چۆن ئێستا لە لایەن سێ حکومەتی یەك لە دوا یەکەوە ئاڵۆسکاون..

بەداخــەوەم بۆ ئەوەی کــە دڵنیم هیــچ متمانەیەکم بە توانای سەرۆك وەزیرانی ئێستا نەماوە لە چارەسەردۆزینەوەو لێکتێگەیشتن و پاڵنانیدا بە پرۆسە سیاسیەکەوە بەرەو ئاراستە ئیجابیەکەی ڕزگارکردنی عیراق لەو دەرئەنجامە ناهەموارەی چاوەڕوانکراوە، هەروەها پێویســتە لەسەر حکومەتی نوێی هەرێمی کوردســتان ڕێگەچارەی نــوێ بدۆزێتەوە بە بێ ئەوەی گرژی دروســت بکات و چارەســەری کەموکورتی و هەڵەکانی پێشــوویش بــکات و یەکبوونی جەماوەری و سیاسی ناو هەرێمی کوردستان وەدیبهێنێتەوە..

هەروەها وەدیهێنانی یەکێتی هێزە دیموکراتیەکانی ســەر ئاستی عیراق زامن بکات کە زامنکەری تەواوی ئازادی و دیموکراتی و مافە نەتەوەییەکانی هەموو عیراقی لێ دێتە دی، لە حاڵەتی نەتوانینی هاوپەیمانی کوردستانی و هێزە دیمکراتخوازەکاندا لە گەیشتنیان بە چارەسەریی کردارەکی گرفتەکانی ئێســتای عیراق و سووربوونی مالیکی لەسەر پیادەکردنی ئەم سیاســەتەی ئێســتای لەسەر لاوازکردنی ژیانی دەســتووری و ئازادییەکان و دیموکراتیەت و کاری هاوبەشیدا، پێویستە لەسەر هاوپەیمانی کوردستانی بەلای ئەو هێزانــەی تردا وەرچەرخێت کە داوا دەکەن هەڵبژاردنی گشــتی پێشــوەختە لەم ســاڵدا ئەنجام بدرێت لە پێناوی دامەزراندنەوەی فراکســیۆنی فراوانتری سیاسیدا کە دوور لەبنەمــای تایەفەگــەری بونیاد بنرێت، ئەمە باشــترین چارەســەرو نزیکترینیانە لە واقیعەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئــەو دابــڕان و لێکترازانە بێتەوە کــە کەوتۆتە ناو کیانی گەلی عیراقەوە، بە هیوای یەکبوون و یەکریزی سیاســی تازەی دوور لە هاوپەیمانی تایەفەگەرییەوەین تا پرۆسەی سیاسی ناو عیراق و پێشکەوتنی وڵات و ڕۆحی هاووڵاتی بوونــی ئازادانەوە یەکســانخوازی لەمە زیاتــر نەکەوێتە مەترسییەوە..

سیاسەتەکانی ئێستای مالیکی تەنیا زیان بە خۆی و ماڵباتی شیعی و تەنیا زیانیش بە توێژێکی ناو کۆمەڵگەی عیراقی ناگەیەنێت، بەڵکو زیانەکەی تەشنە دەکاتە ناو هەموو ماڵ و خانەیەکی گەلانی عیراقەوەو جۆرەها دوژمنایەتی بۆ هەمووان دروست دەکات

بەداخەوەم بۆ ئەوەی کە دڵنیم هیچ متمانەیەکم بە توانای سەرۆك وەزیرانی ئێستا نەماوە لە چارەسەردۆزینەوەو لێکتێگەیشتن و پاڵنانیدا بە پرۆسە سیاسیەکە بەرەو ئاراستە ئیجابیەکەی ڕزگارکردنی عیراق لەو دەرئەنجامە ناهەموارەی چاوەڕوانکراوە



# سیاسەتی کارا و کۆمەڵگەی چالاک بەشداری خەڵک لەپرۆسەی حکومڕانی فراوان دەکات



ئەگەر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەتا سەرەتای نەوەدەکان سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەی ئابووری وەك تەنیا ئاماژەیەك بۆ حکومەت و حکومڕانی سەرکەوتوو ئاماژەی پێکرابێت، ئەوا لەدوای نەوەدەکانەوە حکومڕانی باش بەمانا هاوچەرخەکەی وەك نموونەیەك بۆ سەرکەوتنی حکومەت و حکومڕانی ئاماژەی پێکراوە، لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو پسپۆران پێیانوابوو لەبەر ئەوەی پەرەپێدان وەك پێشکەوتنی زانستی و پیشەسازی و زیادبوونی بەرهەم لەڕۆژئاوا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و توانیوویانە کۆمەڵگەی خۆشگوزەران بونیاد بنێن، بۆیە کێشەی جیهان تەنیا کێشەی ئەو وڵاتانەیە کە هێشتا دەستیان بەپەرەپێدان نەکردووە و لەخوار پرۆسەی پەرەپێدانەوەن (underdevelopment)، بۆ ئەمەش بۆچوونیان بەو جۆرە بوو دەکرێت وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان دواکەوتوو بەرێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاواو دووبارەبونیادنانەوەی دامەزراوەکان لەسەر شێوازی ڕۆژئاوا کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەم بۆچوونە تێنەپەڕی و له کۆ تا یی شەستەکاندا بیرمەندی ئەمریکی ئەمیتا ئیتزایۆنی تیۆری (کۆمەڵگەی چالاك: تیۆرێك بۆ پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی - The Active Society: A Theory of Societal and Political Processes) دارِشت و دوای ئەویش جۆن ڕۆڵز کە ئەویش بیرمەندێکی دیکەی ئەمریکی بوو خاوەنی تیۆری دادپەروەری (A Theory of Justice)، ئەم دوو تیۆرە هەوڵدان بوو بۆ ڕاستکردنەوەی دوو لایەن کە دوو حاڵەتی خراپی لەکۆمەڵگە دروست کردبوو کە بریتی بوون لە:

* پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا جۆرێك لەدۆگمایی لەناو کۆمەڵگە دروست کردبوو.

* لیبرالیزمی سیاسی جۆرێك لەناداد پەروەری لەناو کۆمەڵگە دروست کردبوو.

ئەم حاڵەتە لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و لەناوەڕاستی نەوەدەکان لەئەوروپاش هەنگاوی بۆ هەڵگیرا، ئەویش دەسنیشانکردنی ڕێگەی سێهەم بوو کە ڕاگەیاندنی ئەم ڕێگەی سێهەمە زیاتر بەناوی گیرهارد شرۆیدەری ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا و تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا ناسراوە، هەربۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تیۆری کۆمەڵگەی چالاك-ی ئەمیتا ئیتزایۆنی و تیۆری دادپەروەری جۆن ڕۆلز و ڕێگەی سێهەمی شرۆیدەر و بلێر، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی دەوڵەتی خۆشگوزەران(Welfare State) کلاسیکی کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی وڵاتەکانیان لەسەر دارِشتبوو، بەشێکی زۆر هاووڵاتیان پەراوێز خرابوون یان لەناو سیاسەتی بازاڕدا کاریان دەست نەدەکەوت، ئەمەش جۆرە بێ ئومێدیەکی دروست کردبوو کە هاووڵاتیان هەستیان بەئینتمای نیشتمانی و هاووڵاتیبوون نەدەکرد، ئەم حاڵەتە زۆر بەڕاشکاوی هنتگتن لەکتێبی (ئێمە کێن؟ ?who are we) سەبارەت بەکارەساتی ١١ی سێپتەمبەر ئاماژەی پێکردووە بەوەی هاووڵاتیانی ئەمریکا

**کێشەی جیهان تەنیا کێشەی ئەو وڵاتانەیە کە هێشتا دەستیان بەپەرەپێدان نەکردووە**

**کە سیاسەتی بازاڕ لەسەر بنەمای خستنەڕوو (عرض) دارێژرایەوە ئەوە تاك دەبێتە خاوەنی دەستپێشخەری و دەبێتە ئەندامی ئەو گروپانەی کە ئامانجدارن و لەپێناوی ئەو ئامانجەدا کاردەکات**

ئینتمایان بۆ ئـاڵای ئەمریکا لاواز بووە، ئەمـەش مانای ئەوەیـە هاووڵاتی لەناو پرۆگـرام و سیاسـەتی کۆمەڵایەتـی حکومەتەکـەی خۆی نابینێتـەوە بۆیە ئاسـتی ئینتیماشی لاواز دەبیت، بۆیە بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتە پسپۆران و بیرمەندان پێشنیاری ئەوە دەکەن دارشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەردا بێت:

١- دەبێـت سیاسـەتی کۆمەڵایەتـی لەسـەر بنەمای کۆمەڵگـەی دەوڵەتی خۆشـگوزەران (Welfare State)، بگۆڕێت بـۆ سیاسـەتی کۆمەڵایەتی لەسـەر بنەمای کار بۆ خۆشـگوزەرانی (Workfare)، بـۆ ئەمـەش دەبێت حکومەت بەرنامەی پرۆگرامی ئیلزامی هەبێت بۆئەوەی هاووڵاتی بتوانێت پشـت بەخۆی ببەستێت.

٢- پێوسـتە حکومـەت بەرنامـەی کاراکردنی سیاسـەتی (Activation policy) هەبێت، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە سـەرلەنوێ بەپێی تایبەتمەندی کۆمەڵگەکەی سیاسەتی بازاڕ دابڕێژێتەوە و مەرجەکانی بـازاڕ هاندەر بن بۆ کاری هاووڵاتیان نـەك ڕێگر بن بـۆ کار یان هاووڵاتیان کاریان دەست نەکەوێت.

٣- لەچوارچێوەی کاراکردنی سیاسـەتدا پێویسـتە، هاووڵاتی فێری پشـت بەخۆ بەسـتن (self reliance) بکرێـن، بۆئەوەی زەمینە بۆ پشـت بەخۆبەسـتن سـازبدرێت، ئەوا گرنگە سیاسەتی بازاڕ خەت لەسـەر خسـتنەڕوو(عرض) بکات زیاتـر نەك داوا (طلـب)، ئەمەش دەبێتە مەرجەکانی بازاڕ کار ئاسـانی بۆ کاری هاووڵاتی بکەن نـەك ڕێگر بن بۆ کاری هاووڵاتیان.

٤- کە سیاسـەتی بازاڕ لەسەر بنەمای خستنەڕوو (عرض) داڕێژرابوەوە ئەوە تاك دەبێتـە خاوەنی دەستپێشـخەری و دەبێتە ئەندامی ئەو گروپانـەی کە ئامانجدارن و لەپێنـاوی ئەو ئامانجـەدا کاردەکات، ئەمەش هەمـووی پێکەوە دەبنە هۆکارێك بۆ چالاك بوونی کۆمەڵگە.

**ئەو وڵاتانەی خاوەنی پەترۆڵن هێندەی پشت بەداهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو دەبەستن، هێندە بیر لەپەرەپێدان ناکەنەوە بە پەرەپێدانی کەرتی پەترۆلیشەوە**

٥- لەکۆمەڵگـەی چالاکـدا، چالاکی هاووڵاتـی دەبێتـە هاوتـای مافـی هاووڵاتیبـوون، بۆیە کاتێـك هاووڵاتی بـواری ئەوەی بۆ دەڕەخسـێت تواناکانی خۆی پێشکەش بکات، هەست دەکات وەك پێشان ئەندامێکی پەراوێزخراو نییە و ئێستا وەك ئەندامێکی چالاك هەست بەئینتمای نیشتمانی دەکات.

٦- لەکۆمەڵگـەی چالاکـدا مـاف بەرامبەر ئەرکە، لەئەرکیشـدا پابەندبوون و بەرپرسـیاریەتی هەیـە، بۆیـە تاکی چـالاك لەکۆمەڵگەی چالاکدا هەسـت بەپابەندبوون و بەرپرسیاریەتی دەکات و ئەم پابەندبوون و بەرپرسیاریەتیەش لەکارەکەیدا خۆشگوزەرانی دەکات.

### خۆشگوزەرانی لەکۆمەڵگەی چالاکدا

ئەو وڵاتانەی خاوەنی پەترۆڵن کە وڵاتی ئێمەش یەکێکە لەو وڵاتانە، هێندەی پشت بەداهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو دەبەستن، هێندە بیر لەپەرەپێدان ناکەنەوە بە پەرەپێدانی کەرتی پەترۆلیشـەوە، واتە هەوڵێك نییە بۆئەوەی پەترۆڵەکە بکەنە سەرچاوەیەك بۆ پیشەسازی هەمەجۆر، بەڵکو ئەوەی بیری لێدەکەنەوە دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتەکەیە بەخاوی، بۆیە ئەم پەترۆڵە بۆتە هۆکاری سـەرچاوەی ژیانـی هاووڵاتیانـی ئەو دەوڵەتانە، بـەڵام کۆمەڵگەکانیان چالاك نیـن و هاووڵاتی هەسـت بەپەراوێزبوون دەکات(بێجگە لەنەرویژ کە ئەویش وڵاتێکی پەترۆلیـە)، بۆیـە هاووڵاتیانی وڵاتانی پەترۆلی بێکار نین بەمانای بێکار، بەڵکو لەمیانەی کارکردنیان بەرهەمێك پێشکەش ناکەن، ئەمەش پێوەندی بەوە نییە کە ئەو هاووڵاتیە کارەکەی بەرهەمی نییە، بەڵکو سیاسەتی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی بازاڕ لەو کۆمەڵگەیانـە بۆتە هۆکاری ئەوەی کارەکان بەرهەمیان نەبێت، یان دۆزینەوەی کار بـۆ نەهێشـتنی بێـکاری بێت بۆ بێکارییەکـی ڕووپۆشـکراو، پرسـیاری سەیر لێرەدا ئەوەیە کە هیچ کۆمەڵگەیەك هەژار و هیچ کۆمەڵگەیـەك دەوڵەمەند نییـە، بەڵکـو کۆمەڵگـەی دەوڵەمەند ئـەو کۆمەڵگەیەیە کـە دەتوانێت تواناو لێهاتوویی هەمـوو توخمەکانی کۆمەڵگە کە مرۆڤ بەنرخترین سـەرمایەیە لەنێو توخمەکاندا بەجوانی پێکەوە هەڵبسوڕێن، ئەم هەڵسوڕاندنی توانا و لێهاتووییە دەبێتە هۆکاری بونیادی کۆمەڵگەی دەوڵەمەند و لەکۆمەڵگەی هـەژاری جیادەکاتەوە، لێرەدا ئەگـەر بەنموونە باسـی هەردوو دەوڵەتی شانشـینی عەرەبستانی سعودیە لەرۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و فەنزویـلا لەئەمریکای لاتینـی بکەین، کە بەپێی ڕیزبەنـدی دەوڵەتانی هەنـاردەی نەوت لەریزی پێشەوە دێن، دەبوو ئێستا ئەم دوو دەوڵەتە پێشـکەوتووترین و دەوڵەمەندترین دوو دەوڵەتـی جیهـان بوونایـە، لەگەڵ ئەوەی ناکرێت سـعودیەو فەنزویلا بەدوو دەوڵەتـی هـەژار لەقەڵەم بدەیـن، بەڵام ناشتوانین لەڕیزی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی جیهان هـەر بۆ نموونە هەشـت دەوڵەتە پیشەسـازییەکەی جیهان ڕیزیان بکەین، لەکاتێکدا هەر هەشت دەوڵەتەکە ( فەرەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، ئەڵمانیا، بەریتانیا، کەندا، ڕوسیا، ئەمریکا)، ئەگەر سەرنج لەم هەشت دەوڵەتە بدەین دەبینین چوار لەم دەوڵەتانە (ژاپۆن و ئەڵمانیا و فەرەنسـا و ئیتاڵیا) لەجەنگی جیهانی دووەمدا زیانێکی هێندە گەورەیان پێ گەیشتبوو کە ئەمریکا ناچار بوو پرۆژەی مارشال بۆ ئاوەدانکردنەوەیان ڕابگەیەنێت، لەماوەی کەمتر لە٢٥ ساڵ بوونە گەورەترین و دەوڵەمەندترین دەوڵەتی پیشەسـازی لەجیهاندا، لەناو ئەو هەشت دەوڵەتەشدا ڕاستە ئەمریکا خاوەنی نەوتە، بەڵام کڕیاری نەوتیشە، بەڵام تەنیا دەوڵەتی ڕوسـیایە کە خاوەنی پەترۆڵە بەپەلەی هەشـتەم دێت، واتە لەدوای حوتەکەی دیکەوەیە، لەدوای ئەم هەشت دەوڵەتەش، بێگومان پڵنگەکانی ئاسیا دێن بەتایبەتی کۆریای باشـوور و تایوان و سەنگافورا، ئەمانیش هیچیان خاوەنـی پەترۆڵ نین،

**کۆمەڵگەی دەوڵەمەند ئەو کۆمەڵگەیەیە کە دەتوانێت تواناو لێهاتوویی هەموو توخمەکانی کۆمەڵگە کە مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە لەنێو توخمەکاندا بەجوانی پێکەوە هەڵبسوڕێن**

بەڵام لەدوای هەشت دەوڵەتەکە بەپلەی جیاواز دێن، بۆیە ئەگەر بە بەراوردێکی خێرا بڵێین جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی دەوڵەمەند و هەژار چییە، ئەوا هیچ پێویست نییە دوودڵ بین لەوەی کە بڵێین، هاووڵاتی کۆمەڵگەی چالاك دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانە، هاووڵاتی کۆمەڵگەی ناچالاك هەژار و پەراوێز خراوە.

ئەگەر لێرەوە بێینەوە بۆ سەر واقیعی حکومەتی خۆمان بەتایبەتی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خەریکە دەبێتە جێگەی ئومێد و چاوەڕوانی خەڵك و ئەو پرسیارە بکەین ئایا کۆمەڵگەی ئێمە چالاکە یان ناچالاکە؟ بێگومان وەڵامی سادە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێمە چالاك نییە، بەڵام ناچالاکی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە حەز لەکار ناکەن یان نایانەوێت کاربکەن، بەڵکو سیاسەتی بازاڕ و مەرجەکانی کارکردن لەهەردوو بواری کەرتی گشتی واتە حکومەت و کەرتی تایبەت کەموکورتی تێدایە و پێویستی بەپێداچوونەوە و کاراکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی هەیە، لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بەهەندێك خاڵ دەکەین:

* شێوازی کارکردن و دامەزراندنی تواناکان لەکەرتی گشتی (حکومەت) هێندەی بۆ ڕازیکردنە بۆ کارکردن نییە، بۆیە ڕاستە بەرنامەیەك هەیە بۆ کارکردن و کاردۆزینەوە و دامەزراندن، بەڵام پرسیار ئەوەیە بەرهەمی ئەو کارە چۆن و چیە.

* لەبەر ئەوەی سیاسەتی حکومەت بۆ پەرەپێدان پشت بەستنە بەهاندانی وەبەرهێنان و هاتنی وەبەرهێنی بیانی، ئەندازیار و تەکنیککار و تێکڕای ئەوانەی لەزانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان دەردەچن(بێجگە لەمامۆستایان و کەرتی تەندروستی) هەموویان کارەکانیان لەسەرەکیەوە دەگۆڕیت بۆ لاوەکی، ئەمەش بەو مانایەی ئەندازیار ڕاستە لەوەزارەتەکان دادەمەزرێن، بەڵام دوورن لەپرۆژەکان و حافزی پاداشت بۆ کاری زیاتر.

* مەرجەکانی بازاڕ لەبواری کارکردن لەکەرتی تایبەتدا لەبری ئەوەی هاندەرێك بێت بۆئەوەی هاووڵاتی هانبدات کار بکات و چالاك بێت، بەوجۆرەن کە هاووڵاتی بەزەحمەت لەکەرتی تایبەت کاری گونجاو شایستەی دەست بکەوێت، ئەمەش مانای ئەوەیە داواکاری کەرتی تایبەت لەخستنەڕووی تواناو لێهاتوویی هاووڵاتیان گەورەترە، ئەم حاڵەتە بۆ کرێکارێك لەسوپەرمارکێتێك ڕاستە تا دەگاتە ئەندازیارێك لەکۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت.

* شکاندنی نرخی کار و بێ بایەخ کردنی تواناو لێهاتوویی و هاووڵاتیان، هەر بۆ نموونە هێنانی کرێکاری بیانی، یان پسپۆڕ و شارەزای بیانی بەنرخی هەرزان و کردنی ئەم نرخە بەپێوەرێك بۆ کرێکاری ناوخۆ یان سەقفی دامەزراندن لەکەرتی تایبەتدا.

* لەهەرێمی کوردستاندا بەهەزاران کۆمپانیا کاردەکەن، بەدەیان ملیار دۆلار پارە وەك وەبەرهێنان هەڵدەسوڕێت، بەڵام سیاسەتی بازاڕ و گەڕان بەدوای هەلی کار بەشێوەیەك مەرجدار کراون کە بەئاسانی کار دەست نەکەوێت، یان هەتا ئەوانەشی کە کاریان هەیە ترسی ئەوەیان هەبێت ئەگەر ئەو کارەیان لەدەست بچێ کاری دیکەیان دەست نەکەوێتەوە.

## دارشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ

ئەگەر سەرکەوتنی حکومڕانی- حکومڕانی باش، بەند بێت بەکۆمەڵگەی چالاکەوە، ئەوا دەبێت بناخەی حکومڕانی باش بۆ فەراهەمکردنی زەمینەی کۆمەڵگەی چالاك بێت، سندوقی نەختی نێودەوڵەتی چوار مەرجی بۆ حکومڕانی باش دیاریکردووە کە بریتین لە:

- چۆنییەتی ئیدارەکردنی کەرتی گشتی و چۆنییەتی پێکەوە گرێدانەوەو هەڵسوڕانی سەرچاوە مرۆیی و داراییەکان بەشێوەیەکی چالاك لەلایەن حکومەتەوە.

**مەرجەکانی بازاڕ لەبواری کارکردن لەکەرتی تایبەتدا لەبری ئەوەی هاندەرێك بێت بۆئەوەی هاووڵاتی هانبدات کار بکات و چالاك بێت، بەوجۆرەن کە هاووڵاتی بەزەحمەت لەکەرتی تایبەت کاری گونجاو شایستەی دەست بکەوێت**

**کێشەی زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و ئەوانەی لەسەرەتای دەسپێکی دیموکراتیدان لەوەدایە هەرەزۆرینەی هاووڵاتیان ئامرازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریان نییە**

- بروابوون بەلێپرسینەوە، واتە دەبێت بەرپرسە گشتیەکان لەبەرامبەر کار و چالاکی و ڕەفتاری خۆیان بەرپرسبن و ئامادەبن بۆ لێپرسینەوە.
- دانانی بەرنامەیەکی شەرعی و یاسایی بۆ پەرەپێدان، ئەمەش واتە دەبێت پەرەپێدان لەسەر بنەمای کۆمەڵێك یاسا بەرێوەبچێت و ئەو یاسایانە بوونیان هەبێت و جێبەجێ بکرێن، کێشەکان لەلایەن دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆوە چارەسەر بکرێن، ئەگەر زانرا ئەو یاسایانەی ئێستا هەن خزمەتی پەرەپێدان ناکەن، دەبێت میکانیزمێك هەبێت بۆ هەمووارکردنی ئەو یاسایانە بەپێی بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگە.
- شەفافیەت و دەسکەوتنی زانیاری، لەم بوارەدا سێ بوار پێویستە ئەکتیف بکرێت:

ا- زانیاری سەبارەت بەتوانای ئابووری.
ب- شەفافیەت و پێدانی زانیاری بۆ ڕێگرتن و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی.
ج- پێدانی زانیاری گشتی بەخەڵك بۆئەوەی خەڵك دیالۆگ لەسەر کێشەکانی خۆی بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

ئەو خاڵانەی بانکی نێودەوڵەتی ئاماژەی پێکردوون ڕاستە بنەمان بۆ حکومڕانی باش، بەڵام زەمینەن بۆ بونیادی کۆمەڵگەی چالاك، سەبارەت بەچەمکی کۆمەڵگەی چالاك پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر جۆرجن ئلم لارسن ئوستادی سیسۆلۆژی لەزانکۆی کۆبنهاگن و خاوەنی دیراسەتی (کۆمەڵگەی چالاك و کاراکردنی سیاسەت - The active society and activation policy) کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (چەمکی کۆمەڵگەی چالاك لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو



بەکۆدەنگــی لەلایەن یەکێتــی ئەوروپا و ڕێکخراوەی ئابووری و هاوکاری پەرەپێدان (OECD) داهێنراوە، سیاســەتەکانی کۆمەڵگەی چــالاك بۆئەوەیە هاووڵاتیان چالاك بن و پشت بەخۆیان ببەستن، سەرەتا پەیوەســتە بەوەی ببیتــە هاووڵاتیەکی چالاك لەبــازاڕی کاردا، واتە هەر کەس توانای بەشــداری کردنی لەبازاڕی کاردا هەبێت، دەبێت بەشداری بکات، بەڵام دواتر بەو مانایەش هات کە دەبێت هاووڵاتیەکی چالاك بین لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنــی و...تــاد. ئــەم سیاســەتەش دەوەستێتە ســەر ئەوەی باس لەچ بوارێك دەکەین، ئەگەر باس لەبازاڕی کار دەکەین،

**لەوڵاتانی دیموکراسییەتی لاوازدا هاووڵاتیان زیاتر بۆ بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیان هەوڵدەدەن و کەمتر بایەخ بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە دەدەن**

ئــەوا دەبێــت هەوڵبدرێــت زۆرترین ئەو خەڵکانە بەشداری پێبکرێت کە دەیانەوێت کاربکەن. ئەویش لەڕێی پەروەردەکردنیانەوە بۆئەوەی بەشداری لەبازاڕی کاردا بکەن، یاخود لەڕێی خولقاندنی هەلومەرجێکەوە بۆئەوەی هەلی کار برەخســێنرێت تاوەکو چــالاك بن لەبــازاڕی کاردا. لەپێوەندیدا بەکۆمەڵگەی مەدەنییــەوە، ئەوا دەکرێت کارلێــك هەبێت بەهەردوو ئاڕاســتەکەدا، لەخوارەوە بۆ سەرەوە و لەسەرەوە بۆ خوارەوە، چونکە من باوەڕم وایە حکومەت دەتوانێت هاوکاری ئەو کەسانە بکات کە دەیانەوێت چالاك بن لەبوارە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە هاوکاری کردنی کەسانی پەککەوتە، یاخود یارمەتیدانی حکومەتە مەحەلیەکان و... تاد. کەواتــە دەکرێت کارلێکێکی ئیجابی هەبێــت لەنێــوان ئەم دوو ئاڕاســتەیەدا. هەروەها لەوانەیە هەنــدێ خەڵك نەتوانن بەشــداری لەبــازاڕی کاردا بکەن، لەبەر ئەوەی بــاری تەندروســتیان زۆر خراپە، بەڵام ئەو کەسە پەراوێزکراوانەی دەیانەوێت بەشــداری بکەن لەبازاڕی کاردا، دەبێت دەرفەتی پەروەردەییان بۆ برەخســێنرێت،

**لایەنی سەرەکی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەرکەوتوو لەوەدایە کە هاووڵاتیان ڕێز بنوێنن بەرامبەر مافی بەشداربوونی هەموو هاووڵاتیانی دیکە بە لەبەرچاونەگرتنی ئاڕاستەی سیاسی و باکگراوندی ئیتنی و ڕەگەز**

هەروەهــا بــواری ئەوەیــان پێبدرێت کە ئەوەنــدەی دەتوانن بەشــداری بکەن، ئەو کاتەش تاکە کەســەکان بەرپرســیاریتی هەڵدەگرن ئەگەر هاتوو وەك هاووڵاتیەکی شایســتەی لێیان بڕوانرێت، لەسیســتمە یاساییەکە و سیستمەکانی دیکەدا، کەواتە ئەمە پەیوەســتە بەهێنانە ئارای متمانەوە لەنێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا)).

پرۆفیسۆر جۆرجن وەك تایبەتمەندیەك لەم بوارە بۆچوونەکانی ڕەنگدانەوەی دەوڵەتێکی ئەورو‌پــی وەك دانیمارك کــە دەوڵەتێکی دەوڵەمەنــدە لەســەر کۆمەڵگەی چالاك



پێدادەگرێت، بەڵام پرۆفیسۆر پاتریك هیللەر ئوستادی سیسیۆلۆژی لەزانکۆی براون، بونیادی کۆمەڵگەی چالاك بەمتمانەی نێوان حکومەت و خەڵك دادەنێت و پێیوایە بونیادی متمانە زۆر گرنگە، بەڵام لەو دەوڵەتانەی لەسەر پاشماوەی ڕژێمە سەرکوتکارەکان هەنگاو بۆ دیموکراتی هەڵدەگرن ئەم کارە ئاسان نییە، لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (پێویستە حکومەت دەرفەتی یەکسان لەکۆمەڵگەدا فەراهەم بکات، بەڵام بەشێوەیەك کە سەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی فەرامۆش نەکات، هاوسەنگی لەمبارەیەوە زۆر هەستیارە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە خاوەن مێژووی شموولییەتن

**دەوڵەت هاووڵاتیان چالاك دەکاتەوە بۆئەوەی بەشداری چالاکانەیان هەبێت لەهێنانەدی ئامانجە گشتییەکاندا**

«Authoritarianism»لەبەرئەوەی هەمیشە ئەو هەستە هەیە کە دەڵێت هەماهەنگی و کارکردن لەگەڵ حکومەت دەبێتەهۆی پەراوێزکردنی توخمەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆیە کاتێك حکومەت هەوڵدەدات بۆ بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر گرنگە بەو شێوەیە نەبێت کە: یەکەم، ئامانج و هاندەرەکان بەرژەوەندیی حزبیی لەپشتەوە نەبێت، بەڵکو هەلی بەشداربوون بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فەراهەم بکرێت.

دووەم: پێویستە بەشێوەیەك بێت کە کاریگەریی نەبێت لەسەر سەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

دووبارەی دەکەمەوە، زۆر گرنگە حکومەت هەندێك سیاسەتی هەبێت بۆ بەشدارییپێکردنی هاووڵاتیان، بەڵام کێشەی زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و ئەوانەی لەسەرەتای دەسپێکی دیموکراتیدان لەوەدایە هەرەزۆرینەی هاووڵاتیان ئامرازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان نییە بۆیە

**پاراستنی ئازادی و بواردان بەموعارەزە بۆئەوەی ئەوەندەی دەکرێت پرۆسەی بڕیاردان بەنامەرکەزی بکرێت، دوو کارن کە بەلای کەمەوە حکومەت دەتوانێت ئەنجامیان بدات**

ناتوانن بەکاریگەرانە لەژیانی گشتیدا بەشداربن هەرلەبەرئەمەیشە کە پێویستە لەسەر حکومەت هەڵستێت بەدابینکردنی پەروەردە و مافە سەرەکییەکان و فەراهەمکردنی دەرفەت لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییە ئابوورییەکان کە ئەمانە فاکتەری سەرەکین و ڕێگە خۆش دەکەن بۆ هەموو تاکێك بۆ بەشداری لەژیانی گشتی بەشێوەیەکی کارا و کاریگەرانە بکات. هەربۆیە زۆر گرنگە بەشداربوونی یەکسان فەراهەمبکرێت بەو ئاستەی کە هاووڵاتیانی ئاسایی پابەندبن بەژیانی گشتی و هەروەها لەڕووی پابەندبوونی مەدەنی، هەر

## جۆرجن ئلم لارسن بۆ گوڵان:



### لەبازاڕی کار دەبێت هەوڵبدرێت زۆرترین ئەو خەڵکانە بەشداری پێبکرێت کە دەیانەوێت کاربکەن

لەبەر ئەمەیشە کە هەستی پابەندبوونی مەدەنی لەهەندێك لە وڵاتەکاندا بەهێزە و لەهەندێك لە وڵاتانی دیکەدا لاوازە، منیش پێموایە کە جیاوازییەکانی نێوان وڵاتانی دیموکراسییەتی بەهێز و وڵاتانی دیموکراسییەتی لاواز ئەوەیە کە لەوڵاتانی دیموکراسییەتی بەهێزدا ڕێژەیەکی زۆر لەهاووڵاتیان ئامادەباشییان تێدا هەیە بۆ کارکردن لەپێناو بەرژەوەندییە گشتییەکان و ئامادەن لەگەڵ هاووڵاتیانی دیکە هەماهەنگ بن و پێکەوە کاربکەن، لەکاتێکدا لەوڵاتانی دیموکراسییەتی لاوازدا هاووڵاتیان زیاتر بۆ بەرژەوەندییە شەخسیەکانی خۆیان هەوڵدەدەن و کەمتر بایەخ بەبەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە دەدەن یانیش ئەوەیە تاکەکان سەر بەگرووپی ئیتنی و گرووپی بچووکن کە زیاتر بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن نەك بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە، هەربۆیە بەڕای من ئاکاری پابەندبوون بەمافی مەدەنی بناغەیەکە بۆ بونیادنانی دیموکراسییەتی کارا و پێموایە هێنانەدیی ئەمە پەیوەستە بەدەستەبەرکردنی مافەکان لەبەرئەوەی کاتێك کە هاووڵاتیان هەست بەمافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن و هەست بەوە بکەن کە دەتوانن مومارەسەی مافەکانیان بکەن ئەوە ئەوکات زیاتر بەشداربوونیان دەبێت لەژیانی گشتی و هەروەها زیاتر ڕێز دەنوێنن بەرامبەر

## کریستۆفەر هاگۆ بۆ گوڵان:



### کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانن کە حکومەت ناچار دەکەن سیاسەتی پێشکەوتنخوازی بگرێتەبەر

مافەکانی هاووڵاتیانی دیکە، بۆیە بەڕای من لایەنی سەرەکی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەرکەوتوو لەوەدایە کە هاووڵاتیان ڕێز بنوێنن بەرامبەر مافی بەشداربوونی هەموو هاووڵاتیانی دیکە بە لەبەرچاونەگرتنی ئاراستەی سیاسی و باکگراوندی ئیتنی و ڕەگەز، هەربۆیە لێرەدا پێموایە کە ئەرکی حکومەت بریتییە لەبونیادنانی متمانە لەبەرئەوەی ئەگەر هاووڵاتیان متمانە بەکاربەدەستەکانی حکومەت بکەن و هەست بەوە بکەن کە کاربەدەستەکانی حکومەت ڕێز لەبەرامبەر مافەکانیان دەنوێنن و کە حکومەت مافەکانیان پێشێل ناکات، ئەوکات هاووڵاتیان بەئاستێکی زیاتر هەستی بەشداربوونیان لا دروست دەبێت)).

**هاندانی هاووڵاتیان بۆ چالاکی**

کاراکردنی سیاسەت وەك فاکتەرێك بۆ هاندانی هاووڵاتی هەنگاوی یەکەمی بونیادی کۆمەڵگەی چالاکە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر کریستۆفەر هاگۆ ئوستادی سیسیۆلۆژی لەزانکۆی گۆتنبیرگ کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (وەك کۆمەڵناسێك، بۆ بونیادی کۆمەڵگەی چالاك شێوازی لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەبەرچاودەگرم، بەو مانایەی کە دەوڵەت هاووڵاتیان چالاك دەکاتەوە بۆئەوەی بەشداری چالاکانەیان هەبێت لەهێنانەدی ئامانجە گشتیەکاندا، کە بەزۆری ئەو ئامانجە

## پاتریک هیللەر بۆ گوڵان:



### ئاکاری پابەندبوون بەمافی مەدەنی بناغەیەکە بۆ بونیادنانی دیموکراسییەتی کارا

ئامانجی دەوڵەت یان ئەو سیاسیانەن کە کۆنترۆڵی دەوڵەت دەکەن. شێوازێکی دیکە، کە پتر جێی بایەخە، شێوازی لەخوارەوە بۆ سەرەوەیە، تێیدا هاووڵاتیان خۆیان لەکۆمەڵەی بچووکدا ڕێکدەخەن بۆ بەرەودان بە بەرژەوەندیەکانیان و بۆ بنیاتنانی کۆدەنگیەك لەبارەی ئەوەی دەیانەوێت پێکەوە ئەنجامی بدەن. ئایا ئەم کۆمەڵانە دەوڵەتی دەوێت یان پێویستی بەوەیە دەوڵەت هەڵبستێت بەچالاککردنیان یاخود پێیان بڵێت دەبێت چی بکەن، ئەوا ئەمە وەك پرسیارێکی کراوە دەمێنێتەوە و وەڵامەکەش زیاتر دەوەستێتەسەر ئەو هەلومەرجەی ئەو خەڵکانەی تێدان. ئەگەر لەوڵاتە جیاوازەکانی جیهان بڕوانیت، هەمیشە ئەوە بەدی دەکەیت کە لەپراکتیکدا، ئەوە کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانن کە حکومەت ناچار دەکەن سیاسەتی پێشکەوتنخوازی بگرێتەبەر، تاوەکو ژیانی هاووڵاتیانی ئاسایی باشتر بکرێت، نەك بەپێچەوانەوە. لەڕاستیدا، کاتێك کۆمەڵگە زۆر زیندوو و چالاك دەبێت، ئەوا دەوڵەت هەوڵدەدات بۆ ئەو چالاکیانە سنووردار بکات، زۆرجار لەڕێگەی توندوتیژیەوە. کەواتە بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان دەربارەی ئەوەی دەبێت حکومەت چی بکات؟- من دەڵێم دەبێت هەڵبستێت بەهاندان و پاراستنی پانتاییەکانی کۆبوونەوەی مەدەنیانە کە تێیدا خەڵکانی وڵاتەکە شارەزاییەکانیان

ئاڵوگۆڕ بکەن، کێشە هاوبەشەکان دەستنیشان بکەن و پەرە بەچارەسەرکردنی کێشەکان بدەن، کە دەکرێت دواتر بەهاوکاری دەوڵەت جێبەجێ بکرێن. بۆئەوەی ورتر قسەبکەین: دەبێت حکومەت زەمانەتی ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی مانگرتن و...تاد بکات. واتە بەشێوەیەکی سەرەکی ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرێت. لەوەش زیاتر، دەبێت خۆی لەخولْقاندنی کۆمەڵگەیەکی وەحدەوی بپارێزێت، لەو کۆمەڵگەیە هاوڵاتیان ئەرکی ئەوەیان لەئەستۆیە کە پەرە بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان یاخود هەر ئامانجێکی خەیاڵی دیکە بدەن کە وا دەخرێتەڕوو لەبەرەژەوەندی هەموولایەکدایە. بۆچی ئەمە مەترسیدارە؟ لەبەر ئەوەی هەمیشە ناکۆکی بەرژەوەندیەکان هەیە و ئەگەر وا خۆمان پیشان بدەین کە «ئێمە هەموومان لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ یەکین»بەمانای ئەوە دێت کە دەبێت کەمینەکان بێدەنگ بن و زۆرینەش حکومڕانی بکات. بەکورتی، پێموایە پاراستنی ئازادی و بواردان بەموعارەزە بۆئەوەی ئەوەندەی دەکرێت پرۆسەی بڕیاردان بەنامەرکەزی بکرێت، دوو کارن کە بەلای کەمەوە حکومەت دەتوانێت ئەنجامیان بدات. ئەویش لەپێناو برەودان بەکۆمەڵگەیەکی چالاك)).

سەبارەت بەبوار دۆزینەوەی هەلی کار و دەرفەتی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستە حکومەت سیاسەتێکی کارای هەبێت، پرۆفیسۆر هاگۆ لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (کێشەی ئەم بیرۆکەیە، ئەوەیە ئەو کەسە بێکارانە دەبێت تا ڕاددەیەك فشاریان لەسەر بکرێت تاوەکو بکەونە خۆیان و کار بدۆزنەوە، ئەو کاتە ئەو ڕاستیە فەرامۆش دەکەن کە کاری پێویست نییە. کەواتە لەکاتێکدا ئەو سیستەمەی تێیدا خەڵکی بێکار ناچارن کاربکەن بۆئەوەی پارە لەحکومەت وەربگرن ئەو گلەییە لەتاکەکەسەکان دەکات کە وەك پێویست چالاك نین، ئەوا ئەوەی پێویستە بریتییە لەگۆڕانی بونیادی بنەڕەتی بەشێوەیەك ببێتەهۆی ئەوەی ئابووری سەرکەوتوو بێت. بۆ نموونە، مەبەستم ئەوەیە، بەبازاڕکردنی کەمتر و ڕێکخستنی زیاتری بازاڕ، بەتایبەتی بازاڕە داراییەکان کە ئەوسا و ئێستاش کاریگەری وێرانکاریان لێکەوتۆتەوە، سەرەتا لەحکومەتە تازەگەشەکردووەکاندا و ئێستاش لەئەمریکا و ئەوروپا. سەیرە حکومەتەکان لەسەرتاسەری جیهاندا ملیارەها دۆلاری باجدەرەکان خەرج دەکەن لەپێناو ڕزگارکردنی بانقەکان و بەڕێوەبەری بانقەکاندا لەهەماندا خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەهەژارەکان دەبڕن؟ لەسیاقێکی لەم شێوەیەدا، بەرنامەکانی ئەو سیستەمەی خەڵك ناچار کاربکات لەپێناو مووچەدا مایەی ڕەشبینییە بەلای منەوە. هەروەها من نازانم چۆن ئەم بەرنامانە کاریگەردەبن لەسەر گۆڕانی بونیادی کە بۆی هەیە کەلێنی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان گەورەتر بکات. تەواو بەپێچەوانەوە: ئامانجی بەرنامەی ئەم سیستمانە بریتییە لەڕێگرتن لەگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەهۆی سەرقاڵکردنی خەڵك و درێژەدان بەو بیرۆکەیەی کە تەنیا ئەو کەسانەی کار دەکەن بەشداردەبن لەکۆمەڵگەدا، بەو پێیە تەنیا ئەو کەسانەی کاردەکەن شایستەی سوود و قازانجە کۆمەڵایەتیەکانن. ئەگەر پرسیار لەمن بکەیت دەبێت چی بکرێت بۆ چالاککردنەوەی «خەڵکە پشتگوێخراوەکە»، من دەڵێم: ئەو ڕێگایانە بدۆزنەوە کە بناغەیەکی بێ مەرج بۆ پێدانی داهات بۆ هەموو کەس بهێنێتە ئاراوە)).



# رۆڵێكی گرنگ چاوەڕێی كادرە پرۆفیشناڵەكانی ڕاگەیاندن دەكات

**كادرە پرۆفیشناڵەكانی ڕاگەیاندن كێن و ئەو رۆڵانە چین كە چاوەڕێیانە؟ پێگەو بایەخیان لەكاروباری گشتیدا چییە؟ چۆن دەتوانن پێوەندی تێكچووی نێوان دەسەڵات و گەل ڕاست بكەنەوەو گیان و ڕۆحی زیندووی ئەرێنی تازە لەو پێوەندییەدا بخوڵقێنن؟ ئەو چارەسەرە ئومێدبەخشانە چین كە ئاڕاستەمان دەكەن لە پێناوی دروستكردنی زەمینەیەك بۆ بەرجەستەكردنی ئازادییەكان و پێ بەخشینەوەی زۆرترین ئازادی ڕۆژنامەنووسیی، بەتایبەت بۆ ئەوانەی لەچوارچێوەی ڕاگەیاندنی حزبە سیاسییەكاندا ئەركی ڕۆژنامەنووسییان كردۆتە پیشە؟ چ لە ناو حزبەكانی ئۆپۆزسیۆن بن یا حزبەكانی سەر بەحكومەت؟**



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**هاووڵاتی بەگومانەوە تەماشای دەسەڵاتی بەرپرسێك دەكات. بەرپرسیش بەگومانەوە تەماشای شیمانەی رادیكاڵانەی ئەو چالاكیانە دەكات كە هاووڵاتی پێی هەڵدەستێت. ڕەنگە هەندێك كات بەم ڕوانینەی هەردوولا بنەماكانی دیموكراتییەت بڕووخێن**

دەكرێت هەموو ئەو پرسیارانە لە وەڵامێكی چڕوكورتدا كۆبكرێنەوە، تاكو ببنە هەوێن و تەوەرەی سەرەكی بۆ دیالۆگێكی بونیاتنەرانە كە كاریگەری ئەرێنی بۆ هەمووان هەبێت، لەوەڵامی وشەی پرۆفیشناڵێتیدا دەڵێین: لەنێوان ڕاگەیاندكارو ڕۆژنامەنووساندا ماوەیەكی زەمەنی هەیە، كە پیشەی كاری ڕاگەیاندنی تێدا بە دروستی پیادە دەكرێت یان جار هەیە لەو ماوە زەمەنییەداو لەبارودۆخێكی ئاڵۆزدا ڕاگەیاندنكاری وا هەیە تا ئاستی دووفاقێتی كار لەسەر حەقیقەتەكان دەكات، هەندێك لەو پیشانەی ڕاگەیاندن، پێیان دەوترێت پیشەی سەرئێشە تا ئەو ئاستەی جاری وایە ڕاگەیاندنكارەكە دەگەیەنێتە بەردەم زیندان و گرتووخانەكان، ئەوەش بەهۆی بابەتێكەوە كە نووسیویەتی یان بە هۆی چارەسەری ڕووداوو گرفتێكەوە كە لە كاری ڕۆژنامەگەریدا كردویەتی. ئەمە وێڕای بێبەشبوونیان و دروستبوونی گرفت و ئاڵۆزی تر بۆیان بە تایبەت لەساتەوەختی شێوییەكاندا، لەهەموو حاڵەتەكاندا ئەو ڕووداوانە بۆ خۆیان دەبنە وانەو پەندو دەخرێنە سەر خەرمانەی زانیاری و زانستی ئەو كەسەو دەبنە گەنجینەیەك و لە دۆسیێ ژیانی پیشەییاندا دەپارێزرێت، ئەوانەی ئەمڕۆ بوونەتە سپۆرێكی پرۆفیشناڵی ئەم پیشەیەو دینگەیەكی بڵند تێیدا، لەلایەن دەیان هەزاركەس و لەوانەشە سەدان هەزار بینەرەوە تێكست و گۆشەكانیان تەماشا بكرێن، بە تایبەت ئەگەر كارەكە پێوەندی بەتەلەفزیۆنەوە هەبێت، بكەرەباڵاكانی ناوەندی ڕاگەیاندنیش كە ئاراستەی سەركردایەتی ئەم كارە دەكەن وشەكانیان دەبنە فەرمان، لەناوەندی جەماوەرو ناوەندەكانی بڕیارداندا حیسابیان بۆ دەكرێت، بەجەماوەر بوونی ڕاگەیاندكارێكی پرۆفیشناڵ هیچ پێویستی بە چەندو چوون نییە، چونكە چارەسەركردن و ڕوانینەكان لەبەرنامەو نووسینەكانیاندا بۆ پێكهێنانی ڕای گشتی ڕیزی پێشی پێشەوە وەردەگرێت، واتە ڕاگەیاندنكار بە ڕێگایەكی زەمەنی خێراتر لەكاریگەربوونی سیاسییەك بۆ گەیشتن بەجەماوەرەكەی خۆی، توانای كاریگەربوونی هەیە، ئەو پێوەندییانەی ڕۆژانە لەنێوان ڕاگەیاندكارو ڕۆژنامەنووساندا لەلایەك و جەماوەرەكەیان لەلایەكی ترەوە دروست دەبێت، وا دەكات بۆ خۆیان ببنە ئەو لایەنەی كە پردێكی توندوتۆڵ لەگەڵ سیاسییەكانیش دابمەزرێنن، چونكە ڕۆڵی دامەزراندنی پردی پێگەیشتنی نێوان سیاسی و جەماوەر بەزەرووڕەت دەكەوێتە ئەستۆی ڕاگەیاندنكارەوە، بەتایبەتیش ڕاگەیاندنكارە پرۆفیشناڵەكان.

ڕاگەیاندكاری پرۆفیشناڵ و پێگەیشتوو دەرفەتی تێكەڵاوبوونی جەماوەریی زیاترە بەهەمان ئاستی پێوەندی بوونی بەو سیاسیانەی كە بەئەرك و چالاكیەكانی خۆیانەوە سەرقاڵن. لەپێناوی ئەمەشدا قورسایی بەرپرسیارێتییەكە بۆ هەردوو جەمسەرەكە گرنگە، بەتایبەتی لەژێرسایەی میكانیزمی پرۆسەی بە دیموكراتیبوون و پێوەندییەكانی نێوان دەسەڵات و لەبەرانبەریشدا كۆمەڵگای مۆدێرن و دەوڵەتمەدارێتی دامودەزگا مەدەنییە هاوچەرخەكان.

لەعێراقدا هەرچەندە پێوەندی نێوان سیاسی و جەماوەر ئاڵۆزە، چ ئەوانەی فەرمانڕەوان یا ئەوانەی ئۆپۆزسیۆنن، بەهۆی سروشتی سەركوتكارانەی ڕژێمەكانی پێشووەوە، یا بە هۆی سروشتی تەمومژاوی ئەو پێوەندییە خۆیەوە، بۆیە لە پێوەندی نێوان جەماوەرو ئۆپۆزسیۆندا هەندێكجار پرۆسەی شێواندن و گومڕاكردن دەبینینەوە، هەروەها پرۆسەی خزان بەرەو ئامانجی لابەلای لێدەكەوێتەوە، كە بۆ دواجار ڕەنگە ئیجابی نەبێت و لەبەرژەوەندی جەماوەرەكە نەكەوێتەوە، بەمشێوەیە پێوەندی نێوان جەماوەرو ئۆپۆزسیۆن پڕ دەبێت لەگومانی سلبی و هەستی لەرزۆكی و فرمانی دابڕاندن..

بەڵام ئێمە لەعێراقی تازەدا بەتایبەتیش لەهەرێمی كوردستان گۆڕانێكی جۆریی لەفەلسەفەی هەبوونی دامودەزگاییی دەوڵەتی و كارگێڕییەكانی گشتی حكومەت دەدۆزینەوە كە ئاراستەكە زیاتر بەرەو بەرنامەكانی بونیاتنانەوەو ئاوەدانی دەچن، كە بەردەوام لەهەوڵی دروستكردنی پێوەندییەكی باشدان لە پێناوی بەرژەوەندی جەماوەردا، ئەم كارە چڕ نابێتەوەو بەرجەستەش نابێتەوە ئەویش بەهۆی ئەو ماوە زەمەنیە دووروودرێژەی كە وای كردووە متمانەی تێدا نەمێنێت، بۆیە كاروانی گۆڕینی جۆریی، ئەگەر سپۆرو كەسانی پرۆفیشناڵی لێوە نزیك نەبێت، گومان و بێ متمانەیی لەنێوان سیاسەتمەدارو جەماوەردا هەربەم

شـــێوەیە دەمێنێتەوە. نزیکتر لەمەش ئەو راگەیاندنکارە پرۆفیشـــناڵە لێهاتووەی کە گۆڕانکارییەکان دەخاتەوە ســـەر رێچکەی راســـتەقینەی خۆی بوونی پێویستە، چونکە دەتوانێت لە ڕێی خیتابی کاریگەری خۆیەوە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و نزیکخستنەوەی سەرەداوی هەردوو جەمسەرەکە، رۆشنایی بخاتە سەرحەقیقەتەکان، لەســـەر بناغەی گواستنەوەی خواستی شەقام لەلایەك و بەرنامەو ئەدای سیاســـی لەلای ترەوە. ئەم پرۆسەیە تەنیا لەدروســـتکردنی پردا ناوەســـتێت، بەڵکو دەچێتە چوارچێوەی بابەتی و جۆرییەوەو بەرەو دروســـتکردنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و دارِشتنەوەی میکانیزم بۆ بە مەدەنیکردنی دامودەزگاکان ڕۆ دەچێت.

ئـــەم ئەرکە رۆحێکی ئیجابی وا لەو پێوەندییەدا زیندوو دەکاتەوە کە پێشـــتر لەناو گومڕابوون و گوماندا وشك کرابۆوە، هاووڵاتی بەگومانەوە تەماشـــای دەسەڵاتی بەرپرســـێك دەكات، بەرپرســـیش بەگومانەوە تەماشای شـــیمانەی رادیکاڵانـــەی ئەو چالاکیانـــە دەكات کە هاووڵاتی پێی هەڵدەســـتێت، رەنگـــە هەندێك کات بەم ڕوانینەی هەردوو لا بنەماکانی دیموکراتیەت بڕوخێن، دۆزینـــەوەی بەرنامەی ڕاگەیاندن و رۆژنامەنووســـی گونجاو بـــۆ واڵاکردنـــی دەروازەیەکـــی بابەتییانەی دروســـتکەر، ئەرکێکە دەکەوێتە ئەســـتۆی دەستەبژێرە پرۆفیشـــناڵەکەی راگەیاندنـــەوە، کـــە لەتوانایاندایە دیالۆگی بەســـوودو ڕاشـــکاوانە لەنێوان جەمسەرەکان دروســـت بکاتـــەوە، دیالۆگێـــك کە پیاهەڵـــدان و بە باڵاگەردانی بەرپرســـانی تێـــدا نەبێت و هەروەها بەبێ ســـڵ و ترســـیش دەنگی هاووڵاتی وەکـــو خۆی کە لەواقیعدا چۆنە ئاوها بگەیەنێتە بەرپرسەکە، ئەم ئەرکە هاوکار دەبێت بۆ بونیاتنانی دروست و ڕێگا دەگرێت لە پێکهاتەی سلبی و کاری تێکدەرانە.

راگەیاندنکاری شارەزا ئەرکێکی تری گرنگی لەسەر شـــانە کە لە پێشکەشـــکردنی مۆدێلێکی سەرکەوتوودا خۆی دەبینێتـــەوەو دەبێتە وانەیەك بۆ رۆژنامەنووســـە نوێیـــەکان یـــا ئەوانەی تـــازە هاتوونەتە ســـەر ڕێگاو لەدەزگاکانی حزبە سیاســـیەکانی ســـەر بەحکومەت و ئۆپۆزســـیۆندا هەڵپەو پەلەیانە، راگەیاندکاری شـــارەزا دەتوانێت حاڵەتی هەڵپەکردنی حزبی لە رۆژنامەنووسی داماڵێت، بەوەی هەموو ئەرکەکانی بەشێوەیەك ڕێکو پێك بن کە خیتابێکی رەخنەیی بونیادنەر بگەیەنێت، تا ڕێگا لەبەردەم میکانیزمی راست و دروست ئاوەڵابکاتەوە، لەژێر رۆشنایی ئەم وانەیەدا، رۆژنامەنووسی حزبی لە پیشەکەی خۆی نزیك دەبێتـــەوەو هاوکات رۆحی حزبیانەی خۆی بە شێوەی دروست دەپارێزێت، بەشێوەیەك کە چالاکیەکان بگەیەنێتە ئاستی بەرپرسیارێتی جۆریی، تا ڕاگەیاندنی حزبی بکاتە نموونەیەك بۆ بابەتیبوون، هەروەها لۆژیکی پڕوپاگەندە بکاتە ئامانج بۆ نیشاندانی حەقیقەت، نەك ڕاســـتیەکان تەمومژاوی بکات، بە واتای ئەوەی دوور بکەوێتەوە لە لۆژیکی مەلەکردن لەئاوی لێڵ و لۆژیکی خوێندنـــەوەی دەقەکان بە میزاجی شەخســـی، هەروەها لە رۆژنامەکانی تایبـــەت بەناوزڕاندن دوور بکەوێتەوە و خۆی لەقەرەی لۆژیکی شۆڕشـــگێرانەی کودەتایی نەدات، کـــە تەنیا هێرش و تێکبەردانی جەمســـەرەکان و پشیلە شـــۆریی تەنگژەکان ئەرکێتی، ئەرلتەرناتیڤی واقیعییانـــە بۆ ئـــەم کارانە لەهەڤپەیڤیـــن و دیمانەی ڕووبەڕوودا و لەژێر سایەی کارگێڕییەکی راگەیاندنی پرۆفیشـــناڵانەی شارەزادا خۆی دەبینێتەوە، کە بتوانێت کەشوهەوایەکی ئاشتەوایی و ئارامگر لەدیالۆگەکانیدا دروست بکات و بەومیتۆدانەوە حەقیقەتەکان بگەیەنێتە جەمـــاوەر، ئیتـــر هەقیقـــەت لای هـــەر حزبێك بن چ ئەوحزبانەی لای حکومەت یا ئۆپۆزســـیۆنن. گرنگ ئەوەیە ئەم چالاکییە وا بکات پروپاگەندەی بۆش و شەڕە جنێوو هێرشـــی وشك و بێ بنەما نەهێڵێت، چونکە ئەو شێوازەیان ســـەر لەخەڵکی دەشێوێنێت و زیاتر شێوازێکە لە دنیای نادیموکراتیدا پیادەدەکرێت، ئۆپۆزســـیۆنگەرا ڕادیکاڵـــی و کودەتاچیـــەکان پیادەی دەکـــەن، کە لە ڕێگای چەندین وتاری نەخۆش و ســـەقەتەوە خەڵکی دوور دەخەنەوە لەواقیعی دروست و لەرووی دەروونییەوە تێکیان دەشکێنن، سوودیش دەگەیەنن بەو لایەنانەی کە بۆ دەرفەت دەگەڕێن تا لەسەر حسابی هاووڵاتیانی بێ دەرەتان ململانێ لەگەڵ جەمسەرانی تردا دروست بکەن، تەنیا بەگرتنەبەری ئاڕاستەی بابەتیانەوە ڕاگەیاندنکار دەتوانێت لە کەشـــێکی دیموکراتیدا باشترین ڕێکلامی جەماوەری بۆ بەرنامەی مەدەنیی حزبەکەی دروســـت بکات، کە باشـــترە لەو ئامرازانـــەی توندڕەوان بەکاری دەهێنن بۆ دروستکردنی شیزوفرینیایەك لە ناو جەماوەردا، ئەوەش بەتێـــزە پەرگیرە لایەندارەکانی خۆیانەوەو بەدوور کەوتنەوە لەچارەســـەری دروست سەقامگیری گشتی و کاروانی پێشـــکەوتن و تازەگەری تێك و پێك دەشکێنن، ئیســـتیعابکردنی ئەم وانەیە باشـــترین پێشـــەکییە بۆ بەرفراوانکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسی، لەم کاتەدا کە متمانەی نێوان هەردوو جەمســـەری سیاسەتمەداران و جەماوەر لەق بووە یان بوونی نەماوە. دروستکردنی پردی بەیەك گەیشـــتن لەهەردوو کەنـــارەوە وا لە راگەیاندکار دەکات لە پیادەکردنی ئەرك و پیشـــەکەیدا، ڕووبەرێکی ئازادانەی فراوانتری دەست بکەوێت، چونکە بەکارەکەی خۆیەوە هۆکاری متمانەو دڵنیایی لەناو کەشوهەوایەکی راستگۆیانەی پیشـــەییدا دەخولقێنێت. بە گەیشتن بەم میکانیزمە پێوەندییە توندوتۆڵەکان لەلایەك و وەدیهێنانی باشـــترین ئەدای پیشـــەیی بابەتیانەو راســـتگۆییانە لەلایەکـــی ترەوە، وا دەکات دەرفەت بـــۆ ئازادییەکانی کاری رۆژنامەنووسی و راگەیاندن فراوانتر بێت. ئەمە ئەرکێکە لەلایەن رۆژنامەنووسە پرۆفیشناڵەکانەوە رۆحی دەسپێشخەرانەی پێویستە هەروەها بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە بەرنامەی گونجاوی دەوێت لەگەڵ بەشداریبوونی دەزگای راگەیاندنی کامڵ و تۆکمە کە ئامێز بۆ هەموو رۆژنامەنووسانی تر بکاتەوە چ ئەوانەی مەشقپێکراون یا ئەوانەی بەپارچە کاردەکەن یان ئەوانەی لە پیشەکەیاندا تازەکارن.

*** توێژەری ئەکادیمی لە زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی پەرلەمانی کەلتووری عێراقی- لە تاراوگە**

**بەجەماوەر بوونی راگەیاندکاری پرۆفیشناڵ، لە چارەسەرکردن و روانینیدایە، بۆ پێکهێنانی ڕای گشتی ڕیزی پێشەوە وەردەگرێت، واتە راگەیاندنکار بەماوەیەکی زەمەنی خێراتر لەکاریگەربوونی سیاسییەك بۆ گەیشتن بەجەماوەرەکەی خۆی، توانای کاریگەربوونی هەیە**

**پێویستە راگەیاندنکار لە لۆژیکی مەلەکردن لەناوی لێڵ و لۆژیکی خوێندنەوەی دەقەکان بە میزاجی شەخسی و لە رۆژنامەکانی تایبەت بەناوزڕاندن دوور بکەوێتەوەو خۆی لەقەرەی لۆژیکی شۆڕشگێرانەی کودەتایی نەدات، کە تەنیا هێرش و تێکبەردانی جەمسەرەکان و پشیلە شۆریی تەنگژەکان ئەرکیانە**

لە ساڵیادی ١١٤ هەمینی ڕۆژنامەگەری کوردیدا

# ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ بۆ دروستکردنی ڕای گشتی



**((رۆژنامەنووسان کاراکتەرێکی گرنگن بۆ پێکهێنانی ڕای گشتی، هەربۆیە بەچەمکێک ڕۆڵی رۆژنامەگەر دەردەبڕدرێت کە پێی دەڵێن چاوی ئێشکگر (Watchdog)، ئەرکی رۆژنامەنووس چاودێری کردنە، هەربۆیە کاتێک چاوی ئێشکگر شتێکی نادروست دەبینێت یان شتێکی نامۆ و نادروستی بینی دەبێت وەک پاسەوان دەنگی لێ بدات و لێی بێتەدەنگ و کۆمەڵگەی لێ ئاگادار بکاتەوە، ئەمەش رۆڵێکی هێجگار گرنگە))**

**پرۆفیسۆر و رۆژنامەنووس**
**دینس لاوری بۆ گوڵان**



ئێمە وەك فەرەنسییەكان خاوەنی ئیمپراتۆریەتێك نەبووین هەتا بەشێوازی ناپلیۆن رۆژنامە بۆ خزمەتی دەسەڵات و داگیركاری دەربكەین، ئێمە وەك بەریتانیەكان نەبووین هەتا لەژێر سێبەری ماگناكاراتادا یەكەم رۆژنامەگەری ئازاد دەربكەین و ناوی لێ بنێین دەسەڵاتی چوارەم، ئێمە وەك ئەمریكیەكان نەبووین لە دوای سەربەخۆیی، رۆژنامەگەری لە پەرلەمانێكی ئازاد بەگرنگتر بزانین، ئێمە تاق و تەنیا نەتەوەی بێ دەوڵەتین لەم جیهانە، بەڵام بێ مێژووی رۆژنامەگەریی نین، بۆیە ئەگەر لە مێژووی هەر نەتەوەیەكدا مێژووی رۆژنامەگەری مانایەكی هەبێت، ئەوا لەمێژووی نەتەوەی ئێمەدا، مانایەكی جیاوازی هەیە، ئەگەر رۆژنامەگەری لە مێژووی نەتەوەكانی دیكەدا خواستی ئیمپراتۆری و فراوانبوونی ئیمپراتۆریی، یان خواستی چاودێریكردنی خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات بێت، یان پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادی بوو بێت، ئەوا لەمێژووی ئێمەدا رۆژنامەگەری گەیاندنی دەنگی نەتەوەیەك بووە كە دەنگی نەبووە، بۆیە پەیامی رۆژنامەگەری ئێمە لە سەرەتادا پەیامێك نەبووە ئاڕاستەی خەڵك بكرێت، بەڵكو پەیامێك بووە ئاڕاستەی ئەو دەوڵەتانە كراوە كە كوردستانیان دابەشكردووەو گەلێكیان لە ناسنامە بێ بەشكردووە، بۆیە ئەگەر پێناسەی كاری رۆژنامەگەری بەو جۆرە ئەركی سەرشانی رۆژنامەنوس دیاری بكات كە دەنگی ئەو هاووڵاتیانەیە كە دەسەڵات دەنگیان نابیستێ، ئەوا پێناسەی رۆژنامەگەری كوردی و كوردستانی ئەركی سەرەكی ئێمەی رۆژنامەنووسی كوردو كوردستانی هەتا ئێستاش بەو شێوەیە دیاری كردووە كە پەیامی خۆمان ئاڕاستەی جیهان بكەین و پێیان بڵێین ئێمە نەتەوەیەكین كاتی ئەوە هاتووە گوێمان لێبگرن و ڕێز لە ئیرادەی میللەتەكەمان بگرن بۆ ئەوەی خۆی ئایندەی خۆی دیاری بكات، بۆیە ئەگەر لەم قۆناخەداو لەسایەی ئەو ئەزموونە دیموكراتیەی ئەمڕۆ لە كوردستاندا هاتۆتە ئاراوە هەست بكەین ئەركەكەمان تەنیا بریتیە لە ئەركی ناوخۆو چاودێری كردنی دەسەڵات و بەس، ئەوا لەمەدا خۆمان بە هەڵەدا دەبەین و واقیع پێمان دەڵێت هێشتا ئەركی سەرەكی و گرنگ كە ئەركی نیشتمانی و بونیادی كیانە بۆ ئەم نەتەوە مەزڵوومە كۆتایی

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ڕۆژنامەنووسان زەمینەی هاوبەش بۆ لێکتێگەیشتن لەنێوان خەڵك و دەسەڵات دروست بکات ببێتە ڕایەڵێك و خواستی ڕۆژانەی خەڵك بە خواستە نیشتمانیەکانەوە گرێبداتەوەو هەم کارێك بکات خەڵك خۆشگوزەران بێت بۆ ئەوەی هەست بەنامۆیی و پەراوێزبوون لە کۆمەڵگە نەکات و سەرەنجام دڵسۆزی و ئینتمای بۆ خاکەکەی لاواز بێت، هەمیشە بەرپرسانی ئەم وڵاتە بهێرێنەوە هۆش و پێیان بڵێن ئەم قۆناخە ڕاگوزەرو ناسکە بەرگەی تەخشان و پەخشان و گەندەڵی ئێوە ناگرێت، هەوڵدان بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی ئەو ڕایەڵە لەنێوان خواستەکانی خەڵك و خواستە نیشتمانیەکاندا ئەرکی سەرەکی ئەم قۆناخەیەو ئەوەی هەوڵبدات ئەو ڕایەڵە بپچڕێنێت، هەقە وەك پرۆفیسۆری ڕۆژنامەنووس دینس لاوری کە تایبەت بە گوڵانی ڕاگەیاندووە، ڕۆژنامەنووسان چاوی ئێشکگر بن بۆ پاراستنی ئەو ڕایەڵەو هەر کەس هەوڵیدا ئەو ڕایەڵە بپچڕێنێت ئەوا لێی ببێتە دەنگ و کۆمەڵگەی لێ ئاگادار بکرێتەوە. بۆیە

پرۆفیسۆری ڕۆژنامەنووس دینس لاوری ئوستادی ڕۆژنامەنووسی لەزانکۆی ئیلنۆیس



**ڕۆژنامەنووسان چاوی ئێشکگر بن بۆ پاراستنی ڕایەڵی نێوان خواستی خەڵک و خواستی نیشتمانی و هەر کەس هەوڵیدا ئەو ڕایەڵە بپچڕێنێت ئەوا لێی ببنە دەنگ و کۆمەڵگەی لێ ئاگادار بکەنەوە**

**ئەگەر ڕۆژنامەگەری لە مێژووی نەتەوەکانی دیکەدا خواستی ئیمپراتۆری و فراوانبوونی ئیمپراتۆریی، یان خواستی چاودێریکردنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بووبێت، یان پاراستنی سەربەخۆیی و ئازادی بوو بێت، ئەوا لەمێژووی ئێمەدا ڕۆژنامەگەری گەیاندنی دەنگی نەتەوەیەك بووە کە دەنگی نەبووە**

لەم چوارچێوەیەدا کاتێك یادی کەڵەمێردی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی میقداد مەدحەت بەدرخان دەکەینەوە، دەبینین پێداویستی نەتەوەیەك لەناو جیهانێکی بێ ویژداندا ڕۆژنامەگەری کوردی هێناوەتە بوون و هەربۆیە یەکەم ژمارەی لە دوورە وڵات و لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرچووەو ژمارەکانی دیکەشی هەرچەند ژمارەیەکی دیکەی لە وڵاتانی دیکە دەرچووە، بۆیە کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ ئەم مێژووە، ئەو پرسیارە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئایا ئەو مێژووە کۆتایی هاتووە، کورد بۆتە خاوەنی دەوڵەتێك کە بتوانێت وەك ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، لەم جیهانەدا خۆی بناسێنێتەوە؟

**ڕۆژنامەگەری قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی و خەباتی شاخ**

لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژوو هەڕەشەی مان و نەمانمان لەسەر بووە، بۆیە ڕۆژنامەگەری ئێمەش خۆی لەو واقیعە بینیوەتەوە و بەردەوام لەسەنگەری پێشەوەی خەباتی هۆشیارکردنەوەدا بووە، دوژمنانی نەتەوەو داگیرکارانی کوردستانیش هێندەی مەرامیان بووە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕی وەك ئێزگە و چاپخانەو تەنانەت ستێنسڵ و ڕۆنیۆش لەبەردەستی شۆڕشگێڕاندا نەهێڵن هێندە مەبەستیان نەبووە کە بارەگایەك یان شوێنێکی دیکەی سەربازی کۆنترۆڵ بکەن، بۆیە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری هەمووکات بەشێکی سەرەکی بوون لە خەبات و قوربانیدان و موقاوەمەتدا، لەبەر ئەوەشی وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئەم قۆناخە، قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان کۆتایی نەهاتووە، بۆیە ڕۆژنامەگەری لای ئێمە هەتا ئێستاش سیمای ڕۆژنامەگەری دەوڵەتی و کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا وەرنەگرتووە، لە بەشێکی سەرەکی کاری ڕۆژنامەگەری کوردستاندا هێشتاش هۆشیاری نیشتمانی و نەتەوەیی پانتاییەکی فراوانی بواری کاری ڕۆژنامەگەری ئێمە داگیر دەکات و لەسەردەمی شۆڕشی زانیاریەکانداو لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا کۆتا بۆ کوردی یەزیدی و کوردی شەبەك دادەنرێت، بۆیە ئەم لایەنە کە داکۆکیکردنە لە ناسنامەی نیشتمانی نەتەوەیمان ئەرکێکی گرنگی کاری ڕۆژنامەگەریمانە.

**ڕۆژنامەگەری**

**وەك فاکتەرێك بۆ بونیادی دیموکراتی**

لەم سەردەمەدا کە شۆڕشی تەکنەلۆژیاو تۆڕی کۆمەڵایەتی بە ئاستێك فراوانکردووە کە هەموو هاووڵاتیەك ببێتە ڕۆژنامەنووس و توانای ئەوەی هەبێت زانیاری بڵاو بکاتەوە، ئەوا ئیدی لەوە دەرچووە کە هیچ کەسێك بتوانێت کۆنترۆڵی زانیاری بکات

پرۆفیسۆری ڕۆژنامەگەر فیلیپ مایەر لە زانکۆی کارۆلینا




**ڕۆژنامەنووسان نەک گرنگن، بەڵکو بنەڕەتین، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە دیموکراسیدا بتوانن حوکم بدەن، ئەوا دەبێت زانیاریان هەبێت**

**دوژمنانی نەتەوەو داگیرکارانی کوردستان هێندەی مەرامیان بووە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕی وەك ئێزگە و چاپخانەو تەنانەت ستێنسڵ و ڕۆنیۆش لەبەردەستی شۆڕشگێڕاندا نەهێڵن. هێندە مەبەستیان نەبووە کە بارەگایەك یان شوێنێکی دیکەی سەربازی کۆنترۆڵ بکەن**

یان زانیاری بشارێتەوە، یان لەمەش سەیرتر ئەوەیە هەوڵبدات بە گوتاری ناڕاست ئاڕاستەی ڕەوتی ڕووداوەکان بگۆڕێت، بۆیە ئەم واقیعە تازەیەی شۆڕشی زانیارییەکان و تەکنەلۆژیا، تەنیا ڕێگەیەك لەبەردەمی ڕۆژنامەنووساندا دێڵێتەوە ئەویش ئەوەیە یان دەبێت ڕۆژنامەش لەچوارچێوەی پیشە و ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریدا کاری خۆی بکات ئەگەر نا لە کاروانەکە دادەبڕێت و ناتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە، سەبارەت بەو پێشکەوتنەی کە ئێستا هەموو هاووڵاتییەك بۆتە ڕۆژنامەنووس، پرۆفیسۆر دینس لاورس ئوستادی ڕۆژنامەنووسی لەزانکۆی ئیلنۆیس لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:

(ڕۆژنامەنووسان کاراکتەرێکی گرنگن بۆ پێکهێنانی ڕای گشتی، هەربۆیە بەچەمکێك ڕۆڵی ڕۆژنامەگەر دەردەبڕێت کە پێی دەڵێن چاوی ئێشکگر(Watchdog)، ئەرکی ڕۆژنامەنووس چاودێری کردنە، هەربۆیە کاتێك چاوی ئێشککگر شتێکی نادروست دەبینێت یان شتێکی نامۆ و نادروستی بینی دەبێت وەك پاسەوان دەنگی بدات و لێی بێتەدەنگ و کۆمەڵگەی لێ ئاگادار بکاتەوە، ئەمەش ڕۆڵێکی هێجگار گرنگە، هەروەها ئەو زاراوەیەتانم بەدڵە کە دەڵێن: ئەمڕۆ لە میدیای کۆمەڵایەتی هەموو کەسێك بووە بە ڕۆژنامەنووس، ئەو شتەمان لە زۆربەی وڵاتەکاندا بینیوە بۆنموونە هەموو ڕۆژێك کە سەیری تەلەفزیۆن دەکەم دەبینم زۆربەی ئەو وێنانەی کە لەسەر سوریا بڵاودەکرێنەوە لەلایەن هاووڵاتیانی ئاساییەوە گیراوە بە کامێراو بەمۆبایل و پاشان بڵاویانکردۆتەوە، هەربۆیە بۆچوونەکەتان لەمڕووەوە دروستەو ئەمڕۆ هەموو کەسێك بووە بە ڕۆژنامەنووس، سەبارەت بە ئەرکی ڕۆژنامەنووس لەم سەردەمەدا بەڕای من ئەم ئاڕاستەیە بەردەوام دەبێت، مەبەستم لەوەدایە کە بارەکە هەر درێژە دەکێشێت و بەردەوام دەبێت بەوئاستەی کە میدیاو کەناڵە سەرەکییەکان بەردەوام جەماوەرەکانیان لەدەستدەدەن هاوکات سەرچاوە ئەڵتەرناتیڤەکان بەتایبەتی ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێت بەردەوام دەبێت لە فراوانبوون و هەروەها هاووڵاتییە ڕۆژنامەنووسەکانیش ڕوو لە فراوانبوون و گەشە دەکەن، بۆیە بەگشتی خوێندنەوەم بۆ ئەم مەسەلەیە زیاتر پۆزەتیڤە نەك نێگەتیڤ، هەر بۆ نموونە یەکێك لە کەناڵە تەلەفزیۆنییە گەورەکانی ئەم وڵاتەدا کە لەماوەی ١٠ — ٢٠ساڵی ڕابردوودا گەورەترین کەناڵی تەلەفزیۆنی بوو بەڵام ئەمڕۆ ملیۆنەها بینەری لەدەستداوە لەبەرئەوەی ئەمڕۆ چەندین سەرچاوەی ڕکابەر لەئارادا هەیە بەتایبەتی سەرچاوە ئۆنلاینەکان، هەربۆیە من پێموایە کە

**کیم نیوتن یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە بواری ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی ئێریزۆنا:**



**ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەوانی گرنگە بۆ ڕۆژنامەگەری ئازادو بۆ ڕۆژنامەگەری ڕاستگۆ، هەروەها ئەمە کرۆکی کاری پەیامنێرەکان یاخود وێنەگرەکانە کاتێك ئەرکەکانی خۆیان ئەدا ئەکەن. کاری ڕۆژنامەوانی پەیوەستە بە میسداقیەتەوە**

**ئەرکی سەرەکی ئێمەی ڕۆژنامەنووسی کوردو کوردستانی هەتا ئێستاش بەو شێوەیەیە کە پەیامی خۆمان ئاڕاستەی جیهان بکەین و پێیان بڵێین ئێمە نەتەوەیەکین کاتی ئەوە هاتووە گوێمان لێبگرن و ڕێز لە ئیرادەی میللەتەکەمان بگرن بۆ ئەوەی خۆی ئاییندەی خۆی دیاری بکات**

باشترین چارەسەر ئەوەیە فرەیی لە دەنگ و سەرچاوەکان هەبێت بەوشێوەیەی کە ئەگەر هات و میدیایەك لایەنگری ئاڕاستەیەك بوو ئەوە میدیاکانی دیکە یان سەرچاوەکانی ئەنتەرنێت لایەنگری ئاڕاستەکانی بەرامبەر بن بۆئەوەی بتوانن هاوسەنگیی بارودۆخەکە بپارێزن)).

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر لاوری ئاماژەی پێکرد ڕۆژانە لەسەر ئاستی جیهان ڕێژەی خوێنەر و بینەری هۆیەکانی ڕاگەیاندن کەمدەبێتەوە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە خەڵك لە ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەوانی بێزار دەبێت، بەڵکو هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئاسانتر دەتوانن بگەنە هاووڵاتی لەمبارەشەوە پرۆفیسۆر لاوری جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە لەبەرئەوەی میدیا بەپێی پێویست کارناکات بۆیە لێرەدا ڕۆڵی ئەنتەرنێت هاتۆتە ئاراوەو ئەمڕۆ ماڵپەڕو سەرچاوەی ئەڵتەرناتیڤمان هەیە بۆ وەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری و چیتر قەتیسکراو نین بە یەك تاکە میدیای سەرەکییەوە.

بەڵام سەبارەت بەوەی چۆن ڕۆژنامەنووسان لەم قۆناخە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان پارێزگاری پێوە بکەن، پرسیارمان لە پرۆفیسۆری ڕۆژنامەگەری فیلیپ مایەر کرد لە زانکۆی کارۆلینا سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر مایەر بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:(ڕۆژنامەنووسان نەك گرنگن، بەڵکو بنەڕەتین، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە دیموکراسیدا بتوانن حوکم بدەن، ئەوا دەبێت زانیاریان هەبێت، ئەمە تەقلیدێکی دێرینە لە دیموکراسیەکاندا، کە لە ئینگلیزەکانەوە وەریانگرتووە، ئەوانیش لە بیرمەندەکانی چاخی ڕۆشنگەریەوە

وەریانگرتووە، کە پێیان وابوو،بێ بوونی هاووڵاتیەکی هۆشیارو ئاگادار دیموکراسی مەحاڵە. بەڵام رۆژنامەنووسیش دەبێت رەچاوی سنوورەکانی پیشەی رۆژنامەگەری بکات، ئەوە تەنیا چوارچێوە نییە، بەڵکو لە ئەمەریکا چەند سنووربەندییەك هەن لەسەر کاری رۆژنامەگەری، یەکێك لەوانە یاسایە کە سزای لە خۆگرتووە، بۆ نموونە کاتێك تۆ زانیاریی هەڵە لەبارەی کەسێك بڵاودەکەیتەوەو لەکەداری دەکەیت، تەنانەت ئەگەر تۆ ئەرکی وتنی راستیت لە ئەستۆ بێت. مەسەلەی دووەم، بازاڕە، چونکە تەنانەت ئەگەر تۆ زانیاریش بڵاوبکەیتەوە، ئەوا بێسوود دەبێت ئەگەر خەڵکی سەرنجی نەدەنێ و بایەخی پێنەدەن، لەبەر ئەوە دەبێت رۆژنامەنووسان ئەو زانیارییانە بڵاوبکەنەوە کە خەڵکی پارەیان پێبدەن، یاخود کەسانێکی دیاریکراو پارەی پێبدەن، کەواتە بازاڕیش بۆ خۆی سنووربەندیە. سێیەم، ئەخلاقیانی رۆژنامەگەریە کە لە ئەمەریکادا زۆر بە باشی برەوی پێنەدراوە، ئەگەرچی ئەوەش راستە کە کۆمەڵە رۆژنامەنووسە پیشەوەرەکان رێسای ئەخلاقی خۆیان هەیەو دەزگا راگەیاندنە جۆراجۆرەکانیش ئەخلاقیاتی کارکردنی خۆیان هەیە، کەواتە راستە ئەخلاقیاتی رۆژنامەنووسی گرنگە، بەڵام بەهۆی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیاوە من دڵنیانیم لەوەی چۆن دەتوانرێت چیتر رۆژنامەگەری ئەنجام بدرێت و کێ پارەی پێدەدات و چۆن دەتوانرێت ستاندارەکانی کاری پیشەگەری پیادەبکرێن، لەبەر ئەوەی ئێستا رۆژنامەگەری ئەو کەسانە پەیدا بووە کە پیشەوەر نییە، یاخود رۆژنامەگەری هاووڵاتیان پەیدا بووە. کەواتە ئێمە پێدەنێینە جیهانی دیکەوەو دیارنییە رۆژنامەگەر چۆن کارەکانی ئەدا ئەکات و رۆڵی چی دەبێت. کە من نیگەرانم لەوەی لەم ئەزموونە نوێیەدا هەڵەی زۆر روودەدات))

سەبارەت بەو رەشبینیەی پرۆفیسۆر مایەر کە بەپێچەوانەی پرۆفیسۆر دینس

**قۆناخی رزگاری نیشتمانی کوردستان کۆتایی نەهاتووە، بۆیە رۆژنامەگەری لای ئێمە هەتا ئێستاش سیمای رۆژنامەگەری دەوڵەتی و کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا وەرنەگرتووە**

لاوریی بوو، لێمان پرسی بۆ بەرەشبینی سەیری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەکەیت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەی گولا نیشدا بەمجۆرە وەڵامی دایەوە: (ئەو کەسانەی لە سەدەی هەژدەدا دەستووری ئێمە یان نووسیوە، رایانگەیاند تەنیا ئەو کاتە دیموکراسی سەرکەوتوو دەبێت کە خەڵکی بەشداربن و چالاکبن، ئەوان نیگەران بوون لەم بارەیەوە، نیگەرانیەکەی ئەوانیش زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە ئێستادا پاساوی خۆی هەیە. ئەویش بەهۆی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیەوە، لە ئەدەبی ئینگلیزدا دوو نووسین هەیە لەبارەی خەیاڵی زانستیەوە کە باس لە ئایندە دەکەن، باس لەوە دەکەن کە ئاراستەی مەسەلەکان لە ئایندەو لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا بە ئاقاریی هەڵەدا دەڕوات. یەکێکیان، هەکسل نووسیویەتی، بەو شێوەیە پێشبینی ئایندە دەکات کە حکومەت کۆنترۆڵی خەڵك دەکات ئەویش لە رێی ئەوەی خەڵکی ئارەزوومەندانە ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن، ئەوی دیکەیان ناوی جۆرج وێڵە، کە باس لەوە دەکات حکومەت لە رێی چاودێری بەردەوام و پۆلیسەوە کۆنترۆڵی خەڵك دەکات، بەلای هەندێك لە ئێمەوە بەرەپێشچوونی تەکنەلۆجیا جیهان پتر بەو شێوەیە دەگۆڕێت وەك ئەوەی هەکسلی پێشبینی کردبوو، بەڵام لەبری ئەوەی خەڵك ئارەزوومەندانە ماددەی هۆشبەر بەکاربهێنن، ئەوا تەرفیە ئەو رۆڵەی بینیوە، ئەوەی پەیوەست بێت بە رۆژنامەگەرییەوە ئەوا ئێمە نیگەران بووین لەمە، تەنانەت پێش شۆڕشی تەکنەلۆجی، لە ئێستادا لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆر سەرقاڵن بە راگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە، ئەوا من نیگەرانم لەوەی کاتی پێویستیان نەبێت کە تەرخانی بکەن بۆ بە دواداچوونی کاروبارە گشتیەکان. ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە بەهۆی ئاسانبوونی پێوەندییەکانەوە، ئەوا خەڵکی پتر بایەخ بە کاروبارە گشتیەکان بدەن. هەربۆیە بەهۆی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکی زۆرەوە، کێشەکە بۆتە ئەوەی دەبێت ئەو زانیارییانە رێکبخرێن و هەرس بکرێت، شیبکرێنەوەو بخرێنە سیاقی خۆیانەوە، بە چەشنێك هاووڵاتیان بزانن چۆن ئەو زانیارییانە پێوەندیان بە ژیانی ئەوانەوە هەیەو بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە دەنگ بدەن. دوو رەوتی رۆژنامەگەری بۆ رووبەڕبوونەوەی ئەم دۆخە دروستبوونە، یەکەمیان هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاریەکی زۆرو بە پێی بەکارهێنانی شێوازی زانستی کۆمەڵایەتی، هەندێ جار بەهۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئەزمونکردنی گریمانەکانەوە. شێوازەکەی دیکە بریتیە لە بەکارهێنانی تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆك لە کاتی داڕشتنی




هەواڵەکاندا، کە ئەمە لە حەفتاکاندا باوی هەبوو، هەروەها ئەم شـێوازە گرنگی خۆی هەیە کە لە زۆرێك لە زانکۆکاندا سـاڵانە وێرکشۆپی بۆ دەکرێتەوە، من لەگەڵ ئەوەدام تێکەڵ بکرێن، یەکەمیان بۆ شـیکردنەوەی زانیاریەکان و دووەمیان بۆ ڕوونکردەنەوەیان، ئەمەش یارمەتی هاوولاتیان دەدات مامەڵە لەگەڵ ئەو شەپۆلە ڕانەوەستاوەی زانیاریدا بکەن ))

سـەبارەت بە پێوەنـدی نێـوان خەڵك و ڕۆژنامەنـووس و متمانـەی نێوانیـان و کاریگەری لەسەر پرۆسـەی دیموکراتی، پرسـیارمان لـە ڕۆژنامەنـووس کیـم نیوتـن یاریدەدەری پرۆفیسـۆر لە بواری ڕۆژنامەگـەری لـە زانکـۆی ئیریزۆنا کـردو کـە لەهەمـان کاتیشـدا وەك ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد کاردەکات دەربارەی ئەم پێوەندیە لە لیدوانێکی تایبەت بەگوڵان وتی (ڕۆژنامەنووسـان ڕۆڵێکـی گرنگ دەبینین لە ڕاگەیاندن و خستنەڕووی هەردوو لایەنی مەسـەلەکەدا، یاخود خستنەڕووی بیروبۆچوونی هەردوولایەنەکە، بە تایبەتی ئەگەر بتوانن دەسـتیان بـە زانیاریەکانی هەردوولایەندا ڕابـگات، هەروەها ئەگەر بتوانـن ژیرانـە ئەو مەسـەلەیە بە ڕای گشـتی بگەیەنن. هەربۆیـە ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەوانـی گرنگە بۆ ڕۆژنامەگەری ئـازادو بـۆ ڕۆژنامەگەری ڕاسـتگۆ، هەروەها ئەمە کرۆکی کاری پەیامنێرەکان یاخـود وێنەگرەکانە کاتێـك ئەرکەکانی خۆیان ئەدا ئەکـەن. کاری ڕۆژنامەوانی پەیوەستە بە میسداقیەتەوە، ئەگەر خەڵکی هەست بکەن ئەو زانیاریانەی پێیان دەگات میسـداقیەتی نییە، ئەوا تـۆ متمانەت لای خوێنەران نامێنێت. لە ڕاسـتیدا هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن ڕێنمایی و ڕێسای خـۆی هەیە کـە دەبێت ئەو کەسـانەی کاری بـۆ دەکـەن پیادەی بکـەن، بەڵام ئەخلاقیاتە بنەڕەتیەکان وەك وتنی ڕاستی، گرنگن بۆ ڕۆژنامەگەریەکی ڕاسـتگۆ، هەر بۆیە ئەگـەر کاری ڕۆژنامەگەری میسـداقیەتی هەبوو خەڵکیش بەو شێوەیە سـەیریان کرد، ئەوا پێم وایە پرسیارەکەتان خۆی وەڵامی خۆی دەداتـەوە. ئەو کاتە ڕۆژنامەگەری دووچاری کێشە دەبێت کە حکومـەت زانیارییەکان سـنووردار بکات و سانسـۆر ببێتە بەشـێك لە پرۆسـەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، ئەمە دەبێتەهۆی بەرچاولێڵکردنی هاوولاتیان))

**ڕێکخراوی مەدەنیەت بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی قەزای هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە یادی سەدو چواردە ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی، بیست و دوو خانمە رۆژنامەنووسیان خەڵات کرد، لەو مەراسیمەدا کە هەریەک لە وەزیری رۆشنبیری و لاوان و پارێزگاری هەولێرو بەرپرسی لقی دوو و نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی دیکە ئامادەی بوون، ژمارەیەک پەیڤ و وتار پێشکەشـکران و، تیایدا ئاماژە بـە کاری رۆژنامەوانی لە کوردسـتان و هەروەها کارکردنی رۆژنامەوانی لەلایەن ڕەگەزی مێ وە کراو رۆڵیان لە ئێسـتادا بەرز نرخێنرا، لە رێورەسـمی ئـەو خەڵات کردنەشـدا خاتوو رۆشنا عومەر ئەندامی دەستەی نووسەرانی گوڵان خەڵاتکرا.**



# تاکەی چاوەڕوانی؟



کازم حەبیب

لــە دێرین زەمانــەوە کاروانی گــەلان و میللەتان بێ ئەوەی چاوەڕوانی کەس بن بەرەو ئامانجی شارســتانیی خۆیان ڕێگەیان گرتۆتەبەرو نەخشەی خۆیان چەسپاندووەو نەخشەی وڵاتەکەشیان بە فەرمی دانی پێدانراوە؛ تەنیاو تەنیا، تاکە میللەتێك نەبێ - بەو قەبارەمەزنــەی کە هەیەتی - ئەویش میللەتی کوردە کە بەســەر وڵاتانێکدا پارچە پارچەو دابەش کراون، ئەو وڵاتانە هیچ بایەخیان بە پێوەندیی مێژوویی و ئیســلامیی یان مرۆڤایەتییەکان نەداوەو ئەوەیــان لەبیر کردووە کە هەر ئەم میللەتە قارەمانە بوو لەتەنگانەو بارودۆخە ناسکەکاندا پشتی هەموو لایەکی گرتبوو.

تەنیــا میللەتــی کــوردە تا ئێســتاش مــاوەو چاوەڕوانەو، شەمەندەفەرەکە ڕۆیشت و پێڕانەگەیشت، ئەوانی تر گەیشتن و ئەم نەگەیشــت؛ لەم چۆڵەوانیەدا مانەوەو ڕەشماڵیشیان نەبوو تا کۆیان بکاتەوە، یا شووناســێك پێناســەیان بکات، بەڵام بەسەر بڵندییەوە هەرچاوەڕێ بوون، هەمیشە سوارچاکی گۆڕەپانی ململانێ بوون، بەڵگــەش نموونەی مەلیك مەحمودو مەلا مســتەفای بارزانیە، نموونەی پێشــمەرگەیە، کەقارەمانی ئازادین، زۆریشیان بوونەتە قوربانی ئازادی و ئێستاش ئامادەی قوربانین.

چاوەڕوانی بۆ خۆی نیشانەیەك نەبوو بۆ شکست و لاوازی ئەم میللەتە، لوتکەی شاخەکان و ئەشکەوتەکان و کۆڵان و مزگەوت و دیوەخانی گوندەکان بۆمانی دەگێڕنەوە کە ئەمانە چ جۆرە پاڵەوانێك بــوون، لەگەڵ ئەم هەموو پەرت و بەربڵاوی و لێکدابڕانەی کورد کە بەســەری هاتووە، ورەیان هەر بەرز بــووەو هەرگیز بەم دۆخە نامۆیە رازی نەبوون و رازی نابن، هەر دەبێت ئازادی و نەخشەی وڵاتە جوانەکەی کوردســتان وەکو گەلانی تری جیهان بچەسپێت، وا دۆزی ئــازادی کــورد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ روونتــر دەبێت، ئەو دۆزەی پێودانگێکی پڕ ئێشە لە دەروونی کومەڵگای نێودەوڵەتیدا، کە دەبووایە بەگوێرەی ئەم هەموو پەیمانەی بڕیاریان لەســەرداوەو لەسەری ڕێککەوتون، لەوانەش مافی چارەنووسی میللەتان دەبوایە دۆزی کوردیان لە مێژەوە بوو لەباوەش بگرتایەو چارەســەریان بۆ بدۆزیبایــەوە، بەڵام کە نەیان کرد، تــا کەی چاوەڕوانکردن، بەس نییە؟

جارێکی تریش لەدەرەوەی وڵات ئەمەم وت: ئەوە ســەیر نییە!! هەر کەســێك خۆی بناســێنی و بڵێت من خەڵکی فڵانە وڵاتم، هیچ پرسیارێك نەورژێنێت، بەڵام ئەگەر کوردێك خۆی بناسێنێ و بڵێت من هاووڵاتی کوردستانم زۆر شت دەورژێت و زۆر پرسیار بە دەمیدا دەتەقێنەوە..! بۆ دابەشکراوە؟ تائێستاش زیاتر لە چل ملیۆن مرۆڤ لە مافی ڕەوای خۆیان بێبەشکراون؟

راستە، ئەو مەســەلەیە بەکۆتا هاتووەو کوردیش وەکو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە، مافی خۆیەتی ئازاد بن، ســەر بڵندی و مافی چارەنووسی خۆیان مافێکی ڕەوایە، لەوەش تێپەڕیوە کەدۆزی کورد تەنیا سەر ئێشەی ئاسایشی ناوخۆی ئەو دەوڵەتانە بێ کەبە ناحەق دەستیان بەسەرئەم گەلەدا گرتووە، نەخێر دۆسیەی کورد لەبەردەم جیهاندا کراوەتەوە، بووەتە سونبلی خەبات و ڕێی ئازادی.

کوردســتانی عێــراق ڕێگایەکــی زۆری بڕیــوە، ئاســۆی ئامانجەکانی لەدوورەوەڕا دیارن، بەڵام هێشتاش ماویەتی قردێلەکە ببڕدرێت، چاوەڕوانی کات و ساتی خۆی دەکات.

ئێمــە لەگەڵ دەســتووری عێراقــی تازەداین، کــە گرەنتی مافەکانی ئێمەی تێدایە، گرفتەکە لەوەدایە کە زۆربەی عارەبەکان نکۆڵی لێ دەکەن و کار بۆ تێکدانی دەســتوورەکە دەکەن، باوەڕیان بەدیموکراســی و فیدرالیزم نییە، مەسەلەی کەرکوکیش بەلایانەوە کوفــرە، بە لای خۆیەوە مالیکی برادەرمــان بوو، کەچی ئەویش هەمــوو پیلانرێژییەکی بۆ ئەوەیە خۆی پڕهێــزو چەك بکات و پەلاماری هەرێم بدات، تاوەکو لە ژێر ڕکێفی بەغدادا بین.

زۆر بەجیــدی، بەغدا ئیش بۆ هەڵوەشــانەوەی فیدراڵیەت و ســەربەخۆیی هەرێمەکەمان دەکات. کە قەوماش کەس لەسەرمان ناگرێت..! لەم حاڵەتــەدا کێ مافی چاوەڕوانی هەیە، تا دەگاتە نسکۆیەکی تر؟

لەم دیــدەوە، وتە بەنرخەکەی ســەرۆك بارزانی لەکاتی خۆیدا بوو، کە وەك هەورە تریشــقە دەنگی دایەوەو دیوارەکەی چاوەڕوانی شــکاند، هەموو کوردی ئاگادار کردەوەو بەبیریانی هێنایەوە. کە سەبرو ئارامگرتن هەڵوێستێکی ئەخلاقییە؛ بەڵام ئەویش سنووردارەو تا هەتایە نابێ، کاتێ مەودای تەواو بوو، دەبێ شریتەکە ببڕدرێت، ڕۆژێك دادێــت زۆردار تێبگات بــەرەو چ هەڵدێرێك دەچێت ..! بەبرایەتــی و ئارامگیری و هاوخەباتــی مێژوویی دژبە رژێمی دیکتاتۆری بەعســی لەگەڵ بەغدا جووڵاینەوەو ئیشــمان کرد؛ بەتایبەت لەهەســتیارترین بابەتی ناخی هەر کوردێکدا، کە ئەویش کەرکوك و نەخشــەی کوردســتانە؛ بەڵام ئەوان ساڵ دوای ساڵ لەجێبەجێکردنی ئــەو مافانە؛ خۆیان دوورتــر دەخەنەوە، کەچی خودی ئەم دەستوورەی ئێمەی وەکو هاوبەش و یەکسان جارێکی تر لەگەڵ ئەوان کۆکردوەتەوە، پەرۆشــی ئەوەمان دەکات کەبەزووترین کات جێبەجێ بکرێت، چیتر ڕێگا نادرێت بە نکۆڵی یاستی کردن لــە جێبەجێکردنیدا، گۆمەکە پڕ بــووە، بەزبانی خۆیان نکۆڵییان لە سیســتەمی فیدراڵی کرد، بۆ هەموو لایەك ئاشکرابووە ئەوان ڕاست ناکەن، بەرەو تاکڕەوێتی دەڕۆنەوە، ئەوانە دەیانەوێت (ئەگەر بتوانن) فیلمە کۆنەکانی سوپای عیراقی پێشوو تازە بکەنەوە، بۆیە ئەم هەڵمەتەی دەویســت کەدەنگی لەدنیا دایەوەو وەکو دەڵێن لەبێ ئاگایان کەشکەك سەڵاوات، دیارە مەسەلەکە لەگەمە دەرچووە..!


لەگــەڵ ئەوەشــدا، دەرگای دنیا پێوەنەدراوەو شــانۆیەکە بە کۆتا نەهاتووە؛ بروســکە هیوایەك ماوە، کــە کەڵە پیاوەکانیان، عاقڵمەندەکانیــان بتوانن ڕایانگرن و لەگــەڵ هەموو لایەکانی تردا گرێبەســتێکی تازە بنووســنەوە، بۆعیراقێــك کە هەموو لایــەك یەکســان و ئازادبن تێیدا و هەرێمی کوردســتانیش هەر وەکو هەرێمی عەرەبی سەربەخۆیی لەتایبەتمەندی خۆی هەبێت، جێبەجێکردنــی مادەی ١٤٠ نیشــانەی گەڕانــەوەی متمانەو دڵپاکیە بۆ هەموان، تەنیا لــەم کاتەدا دەتوانین رۆحی برایەتی عــەرەب و کورد زیندوو بکەینەوە، کە هەر کاتێ شــنە بایەکی دیموکراســی بەسەر بەغدادا ڕۆیشــتبێ ئەم دروشمە بەگەرمی بڵنــد کراوەتەوەو وترایەتەوە، ئەوەی رۆژانی پێشــووی (عبدالکریم قاســم) و یانزدەی ئازاری لەبیرە، چاك لەم دروشمە دەگات، کە ئەم عێراقە جارێکی تر یەکناگرێتەوە تەنیا بەیەکســانیەکی وەکو کۆنفیدرالی نەبێ کە مەترسی لە ناوبردنی مافەکانی کورد لەدوا رۆژیدا بڕەوێنێتەوە. رۆژی ئەوە هاتووە دەسەڵاتدارانی عێراق واز لەبیروکەی چەك و عەســکەر بهێنن و ڕوو بکەنە گەشەسەندنی زانست و حیکمەت، ئەوکاتە هەموو جیهان و بەتایبەت کوردستان و هەموو جیهانی ئیسلامی بەڕێزەوە ڕووی تێدەکەنەوە. هەموومان لــە بیرمانە کەللەیی و لووت بەرزییەکەی ســەدام چی لەعێراق کرد؟ مەلایەکان دەڵێن پێغەمبەر فەرمویەتی (خودا لە لوت بەرزان خۆش نابێ، لوتیان دەشــکێنێ )کەواتە ئایا دەرفەتی چاوەڕوانی ماوە؟ نامەکەمان گەیشت ؟

*** ســەرۆکی کۆڕبەنــدی هزری ئیســلامی لــە هەرێمی کوردستان**

**زۆر بەجیدی، بەغدا ئیش بۆ هەڵوەشانەوەی فیدراڵیەت و سەربەخۆیی هەرێمەکەمان دەکات. کە قەوماش کەس لەسەرمان ناگرێت..! لەم حاڵەتەدا کێ مافی چاوەڕوانی هەیە، تا دەگاتە نسکۆیەکی تر؟**

سیاسی

# کوردستانی عیراق.. کۆڕبەندو دیداری نەتەوەکان و کۆبەندێک بۆ تایەفەو ئایینەکان



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

توێژەران جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی پێگەی جیۆگرافی نەتەوەو گەلانی دنیا ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن لە پێکهێنانی خەسڵەتەکانی مرۆڤدا، هەروەها لە هاوشێوەیی خەسڵەتە جەستەییەکانیاندا هەمان ڕۆڵ دەگێڕن، بەوچەشنەی کە ژینگەی دەوروبەرەکەیان کاریگەری لەسەریان دەبێت. هاوشێوەیی بەرزو نزمایی زەوی و جیاوازیی لە پلەکانی گەرما و چەشنی ژیانی دانیشتووان هەموویان لە دەرهاویشتەکانی پێگەی جیۆگرافیایین، هەموو ئەمانە بۆ بەردەوامێتی دانیشتووانیان ڕۆڵێکی کاریگەرانە دەگێڕن..

لە لایەکی ترەوە پێگەی جیۆگرافیای کراوە بۆ گەلان هاوبارگەیی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە نێوان کۆمەڵگەکان زیاتر دەکات، گەلانی دابڕاوو پەراوێزخراو دوور دەبن لە باشییەکانی ئەو هاوبارگەبوونە، ئەم کاری خۆبەدوور ڕاگیرانە وا لە هەر گەلێك دەکات توانای کەمتر بێت لە گۆڕینی چەشنی زیندەگی و خەسڵەتە شارستانیەکاندا، لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکانی کە هاوکوفی مێژووی تازەو هاوچەرخ دەبێتەوە، بە تایبەتی ئەو گۆڕینانەی پێوەندارن بە تەکنەلۆژیاو بوارەکانی گواستنەوەو پێوەندییەکانەوە، ئەوا پێگەی جیۆگرافی تا ئێستاش تەوەرێکی سەرەکی پرۆسەکانی هاوبارگەیی بوونی نێوان گەلان و نەتەوەکانە..

هەرێمی کوردستانی عیراق کە دەکەوێتە بەشی باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی عیراقەوە، دەوڵەمەندە بە تۆبۆگرافیای زەویو زارەکەیی و مامناوەندێتی کەشوهەواکەیی و زۆرو فرەیی ئاوەکانی و بە پیت و بەرەکەتی خۆڵەکەی، ئەمەش وای لێ کردووە بە درێژایی مێژوو ئەم خاکە ببێتە جێی سەرنج بۆ ئەوانی ترو ببێتە جەمسەرو بنکەیەك بۆ ڕاکێشان و هاوکات پێگەیەك بێت بۆ سەقامگیری کۆمەڵ و گرووپەکانی ڕوویان لەم خاکە کردووە، یان ئەوانەی چاوی چاوچنۆکانەیان لەسەری بووە، پشکنینەکانی ئاسەوار ئاماژە دەدەن بەوەی کە کوردستانی عیراق یەکەمین نیشتمان بووە کە کشتوکاڵی تێدا کرابێت ئەو هەڵکۆڵین و پشکنینانەی لە نێوان چەمچەماڵ و شاری سلێمانی و بەتایبەتی لە گوندی چەرمۆ ئەنجام دراون ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنن کە مێژووی کشتوکاڵ لەم ناوچەیەدا بۆ زیاتر لە حەوت هەزار ساڵێك دەگەڕێتەوە..

باری تۆبۆگرافیایی دەڤەرەکە بەهۆی بوونی کەلێن و ئەشکەوتی نێوان چیاو دۆڵەکانییەوە وای کردووە ببێتە پێگەیەکی گونجاو بۆ خۆپاراستنی ئەو نەتەوانەی کە ژێردەستە بوون و لە پێناوی مانەوەی زمان و کەلتوورو خەسڵەتە ئایینی و نەتەوەییەکانیان پەنایان هێناوەتە بەر ئەم بەشەی دنیاوە، بەلامانەوە نامۆ نییە کە لە کوردستانی عیراقدا ئەم هەمە جۆرێتیە ببینین کە لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و تایەفەگەریەکەیدایە، کە هاوشێوەی نییە لە زۆربەی شوێنانی تری سەر ڕووی دنیادا، لەم بارەیەوە دکتۆر قوستەنتین زەریق لە کتێبی (مێژووی ئایینەکان)دا دەڵێت((خودا لەسەر ئەم زەوییەدا تێکەڵەیەکی لە تایەفەو گەلان و خەڵکی کۆکردەوە کە لە هیچ جێگەیەکی تری سەر ڕووی زەوی تێکەڵەی وەها نابینیتەوە..!)). شاکر خەسباك لەم بارەیەوە دەیچوێنێت بە(( مۆزەخانەی ئەتنۆلۆژی))

ئەگەرچی ناوچە دەشتاییەکانی دۆڵی رافیدەین کراوەن و بەمەش دەروازە بەربڵاوبووە بۆ هاتنی شەپۆلی سامییەکان بەرەو ناو عیراق و لەو ڕووەوە توانیویانە ڕاستەوخۆ بە دانیشتووانە ڕەسەنەکەی ئێرە تێکەڵ ببن و بە تەون و چنینی پێشەنگترین شارستەنیەتی مرۆڤایەتییەوە بلکێن، بەڵام شەپۆلەکانی گەیاندنی پەیامی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زایینیەوە کاریگەرترین هۆکارێك بووە بۆ دارشتنەوەی پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەیی دانیشتووانەکەی..

لە کاتێکدا ئەو شەپۆلانە بە شێوەیەك لە شێوەکان توانییان تێکەڵ بە دانیشتووانی ناوەندو باشوور ببن، ئەوەش بە هۆی تەختایی زەوی و سەرچاوە تێروتەسەلەکانی ئاوو ڕووبارەکانەوە، بەڵام زۆر نەتەوەی دانیشتووی باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی عیراق بەهۆی سەختی سروشت و شێوەی سەختەنی دۆڵ و چیا سەرکەشەکانەوە پارێزگارییان لە سرووتگەل و و زمان و کەلتوورو کەلەپوورو شێوازەکانی چۆنیەتی بردنەسەری ژیانی خۆیان کرد..

بە پێی تێپەڕینی زەمەن و بە هۆی بەردەوام بوونی پێکەوەژیانی گەلانی ناوچەکەوە، دانیشتووانی عیراق لە دوو گرووپدا تەجەللابوونەوە کە بریتین لە: خۆرئاواو دانیشتووانی دۆڵ و دەشتاییە تەختەنییەکان، هەروەها دانیشتووانی کورد کە لە شاخەکان بانە بەرزەکاندان، هەرچەندە شاخەکان بەرزتر بووبن و بەربەست بووبن لەبەردەم بزاوی دانیشتووان و چالاکییەکانیاندا ئەوەندە هۆکارێك بووە بۆ پارێزگاری لێکردن و بەرگری کردن بووە لە بوونی نەتەوەیی و ئایینی و زمانەکەیان، لە پاڵ کوردا گەلی عارەب و تورکمان و ئەرمەن و کلدانی نیشتەجێ بوون، لە پاڵ ئیسلامیەکاندا ئاینەکانی مەسیحی و یەزیدی و زۆر تیرەو مەزهەبی تر هەبوون..

ئەگەرئەو مێژووەی تێیدا یەکەم جەنگی گێتی سەریهەڵدا تێپەڕێنین و دواتر کەدەوڵەتی عیراقی دامەزرێنرا. ئەوە مێژووی هاوچەرخ زۆر دیمەنی پڕ لە موعاناتمان بۆ ڕادەگوێزێتەوە کە خەباتی هاوبەشی تێدایە لە نێوان هەردوو گەلی کوردو عارەب، دژ بە داگیرکاری ئینگلیزەکان و بۆ بونیادنانی عیراقێکی ئازادو سەربەخۆ، شۆڕشی بیستەم نموونەیەك بووە لە نموونەکانی خەباتی هاوبەشی نێوان ئەو دوو گەلەو وەڵامدانەوەیەکی داگیرکەران بووە بۆ ئەوەی پلانەکانی تایەفەگەری و ڕەگەزپەرستێتی سەر نەگرێت، دروشم و هوتافاتی برایانمان لە باشووری عیراق بەڵگەن کە دەیانووت (پلپین الجنه لهادینا، وپلپ الجنه لمحمود و اعوانه) ئەمەش بەرجەستەبوونێکی هاوژیانێتی هەردوو گەلی کوردو عارەب بووە بۆ ڕزگاربوون لە ژێر جەورستەمی بێگانەی داگیرکاردا، گەلی عارەب هەندێك هەڵوێستی نواندووە لە بەرانبەر برایانی کورددا کە تا ئێستاش جێی سەردانەواندن و ڕێزلێنانە، کاتێك لە ساڵی ١٩٦١ زانایانی ناوداری عارەبی بوونە پاڵپشتی کوردو ڕەتی ئەو فتوادانەیان کردەوە بەوەی فتوا درابوو خوێنی ڕۆڵەکانی کورد بڕێژرێت و جەنگیان لەگەڵ بەرپا بکرێت لە پێشەنگی ئەوانەی ئەم فتوایەی ڕەتکردەوە ئایەتوڵا سەید موحسین ئەلحەکیم بوو، ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وێنەیەکی تر بوو لە وێنەکانی هاوخەباتی هەردوو گەل بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری و سەرلەنوێ دامەزراندنی عیراقی نوێ کە لەسەر بنەمای دادپەروەری و یەکسانی بونیاد بنرێتەوە لە سیستمێکی فرەیی پەرلەمانیدا ئەگەر گەلی کورد لە ڕزگارکردنی بەشێکی خاکی خۆی سەرکەوت و ئەو سیستمە پەرلەمانیەی دامەزراند هاوبەشی کردنی خەباتی لە پاڵ ئۆپۆزسیۆنی عیراقیدا ڕانەگرت تا تەواوی خاکی عیراق ئازادکرا، کوردستانیش بوو بە مەیدانی کارو خەباتی هاوبەش تا لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو ئومێدانە وەدیهاتن کە هەردوو گەلی کورد و عارەب لە چاوەڕێیدا بوون، گەلی کورد قوربانی زۆری بەخشی لە پێناوی سەرخستنی شۆڕشگێڕانی عارەبیدا دژ بە ڕژێمی پێشووی دیکتاتۆری و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عیراقی تازەو بۆ ئەو مەبەستەش لە کوردستان چەندین کۆنگرەو یەکتر بینین ڕوویدا بۆ ڕێکخستنەوەو یەکخستنەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی..

ئێستاش گەلی کوردستانی عیراق بە دڵ و سنگی فراوانەوە بووەتە هاوبەش و بەشداری لەبونیادنانەوەی عیراق دەکات هیچ هەڵوێست و کارێکی سلبیانەی کەسانێك لەم ئەرکەی پاشگەزی ناکاتەوەو گەلی کورد لەسەر ئەم ڕێچکەیەی خۆی بەردەوام دەبێت( فاما الزبد فيذهب جفاء، و اما ما ينفع الناس فيمكث في الارض).

**نامۆ نییە کە لە کوردستانی عیراقدا ئەم هەمە جۆرێتیە ببینین کە لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و تایەفەگەریەکەیدایە. کە هاوشێوەی نییە لە زۆربەی شوێنانی تری سەر ڕووی دنیادا!**




## باڵیۆز ئیدوارد گونێم بۆ گوڵان:

# پێموایە بەهۆی بەردەوامی توندوتیژی لەلایەن ڕژێمی ئەسەدەوە چاودێرە نێودەوڵەتیەکان بکشێنەوە

**باڵیۆز ئیدوارد گونێم کە تا ساڵی ٢٠٠٤ باڵیۆزی ئەمریکا بووە لەئەردەن، لەساڵی ١٩٧٤ -١٩٧٥ جێگری بەرپرسی هەڵسوڕێنەری کاروبارەکانی ئەمریکا بووە لەدیمەشق و ئێستاش یەکێکە لەتوێژەرە باڵاکانی زانکۆی ئیلۆت بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی کەنداو، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سوریا و بەرەوپێشەچوونە نێودەوڵەتیەکان چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی باڵیۆز ئیدوارد گونێم کرد بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** دوا جار کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاودێری ڕەوانەی سوریا کرد، بەڵام چاوەڕوان ناکرێت ئەسەد پابەند بێت و توندوتیژی ڕابگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باوەڕی بەکاری ڕەوانەکردنی چاودێرەکان نەبێت، بۆچی ڕەوانەی سوریای کردن؟**

- باوەڕم وایە هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەهەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەکدایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە، کە ئاستی توندوتیژی زیادی کردووە و شەڕەکە دەستیپێکردۆتەوە بەچەشنی پێشوو، لەبەر ئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەموو کارێك دەکات کە لەدەستی بێت و ڕەنگە ڕەوانەکردنی چاودێران کارێکی باش بێت. منیش باوەڕم وابوو کە ئەمە هەنگاوێکە نابێتەهۆی ئەوەی بەشار ئەسەد سڵبکاتەوە، بەڵام من باوەڕم وایە بەڕاستی ئەمە هەنگاو و هەوڵێکە دەبێت ئەنجامی بدەین.

**ئەگەر گرووپی موعارەزەی سووری بەهێز بن و یەکبگرن و ببنە چەترێك. ئەوا نیگەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبارەی ئەوەی کێ حکومڕانی وڵاتەکە دەکات لەئاییندەدا نامێنێت**

*** دوای گەیشتنی چاودێران هێشتا توندوتیژی و ئاوارەبوونی خەڵك بەردەوامە، بەبۆچوونی ئێوە ئەگەر توندوتیژی و ئاوارەبوونی خەڵك بەردەوام بێت، ئایا گرنگی بوونی چاودێران چییە؟**

- هێشتا باوەڕم وایە کە ئومێدەکە ئەوەیە لەژێر چاودێری چاودێرە نێودەوڵەتیەکاندا ئەسەد وریاتر بێت، ئەگەر نەڵێین ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی سیاسی لەگەڵ موعارەزەدا بۆ ئەوەی هەوڵی ئیحتیواکردنی توندوتیژیەکە بدات، من پێشبینی ناکەم ئەوە ڕووبدات، لەبەر ئەوە ڕەنگە لەکۆتاییدا چاودێران ناچاربن بکشێنەوە بەهۆی بەردەوامبوونی توندوتیژیەکانەوە، بەڵام ڕەنگە هێشتا زوو بێت بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە بدەین.

*** ئەگەر چاودێرەکان لەڕاپۆرتەکانیاندا باس لەوە بکەن ئەسەد پابەند نەبووە بە بەڵێنەکانیەوە، ئایا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چی هەڵوێستێك وەربگرێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە و پێم وانییە بتوانم

**باوەڕم وایە پێویستە هەموو گروپەکان پێکەوە کۆببنەوە. ئەوە تەنیا ڕێگایەکە تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو گرووپانەدا بکات**



وەڵامێکی تەواوی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ڕەنگە ئەو کاتە سووربوونێکی زیاتر بەدی بکرێت لەلایەن زۆرێك لەوڵاتانی جیهانەوە بۆ توندکردنی سزاکان و پتر گۆشەگیرکردنی حکومەت، هەروەها پێموایە ئەمە خواستی هەندێ لایەن زیاد دەکات بۆ چەکدارکردنی موعارەزە لەدژی حکومەت، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دۆخێکی ناوخۆیی دژوار و ئاستێکی بەرزتری توندوتیژی.

*** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەوەوە سەرقاڵە کە کێ جێی ئەسەد دەگرێتەوە لەکاتی گۆڕانی ڕژێمەکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕەوایە چارەنووسی گەلێك بکەیتە قوربانی تەنیا لەبەر ئەوەی نازانێت بەدیلەکەی چییە بەتایبەتی کە مەترسی ئەوە هەیە پارتە ئیسلامیەکان بگەنە دەسەڵات؟**

- دووبارە ئەمە پرسیارێکی باشە، دەبێت درك بەوە بکەیت کە لەژیانی ڕاستەقینەدا، براگماتیەت و واقیعبینی زاڵدەبن بەسەر ئەوەی ئێمە پێمانوایە ڕێگای ڕاستی کارکردنە، کە خەڵکی لەسەرەتادا ئەو هەنگاوانە نانێن کە پێویستە دواتر هەڵیانبگرن. ئەمە شتێکی سروشتیە لەژیاندا و ئێستاش ئێمە ئەوە دەبینین، لەڕاستیدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەدڵنیاییەوە ئەمە ڕوسیا و چین ناگرێتەوە لەئێستادا، بەڵکو وڵاتانی دیکە لەخۆدەگرێت، پتر پشتیوانی گروپی موعارەزەی سوری دەکەن و هانی دەدەن تاوەکو بەهێزتر بێت و ببێتە دەنگێکی بەسەنگتر لەئاییندەدا. چونکە ئەگەر بەهێز بن و یەکبگرن و ببنە چەترێك بۆ هەموو ئەمانە، ئەوا نیگەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبارەی ئەوەی کێ حکومڕانی وڵاتەکە دەکات لەئاییندەدا نامێنێت.

**ڕەوانەکردنی چاودێران هەنگاو و هەوڵێکە دەبێت ئەنجامی بدەین**

*** تا ئێستا موعارەزە نەیتوانیوە زەمینەیەك بخوڵقێنێت کە لایەنە جیاوازەکان کۆبکاتەوە و کوردەکانی دڵنیانەکردۆتەوە لەوەی مافەکانیان دابین دەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن دەکرێت موعارەزە لایەنە جیاوازەکان کۆبکاتەوە؟**

- پێموایە موعارەزە و مقاوەمە بەردەوام دەبن لەخەباتی خۆیاندا و هەوڵدەدەن هەموو گروپەکان پێکەوە کۆبکەنەوە لەچوارچێوەی هەمان بونیاددا، من دەزانم بۆچوونی جیاواز هەیە و من دەزانم تا ئێستا گروپە کوردیەکان نەهاتونەتە پێشەوە و من لەپێگەیەکدا نیم بۆ ئەوەی پێتان بڵێم بۆچی. من باوەڕم وایە پێویستە هەموو گروپەکان پێکەوە کۆببنەوە، ئەوە تەنیا ڕێگایەکە تاوەکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەوگروپانەدا بکات.

# پێوەندی نێوان دیموکراسیەت و مافەکانی ژن



ڤینۆس فایەق

دوو هەفتە جارێك دەینووسێت

پرسی مافەکانی ژن دوورنین لەکەشوهەوای سیاسی و ئەو سیستەمە حوکمڕانییەی لە کۆمەڵگادا بەڕێوە دەچێت، هەروەك پرسی ماف و ئازادیەکانی ژن تەنها پرسێکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی نییە رەهەندێکی بەهایی دیموکراتی و شارستانی هەبێت، بەڵکوو پرسی ماف و ئازادیەکانی ژن پرسێکی تەواو نیشتمانیە و رەهەندی سیاسی و دیموکراسی هەڵگرتوە.

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لەپێناو ئازادیەکان و دیموکراسیەتدا خەباتی کردوە و، هەر لەم سەدانەی رابردووی نزیکدا نەتەوەیەکگرتوەکان چەندین یاسا و رێککەوتننامەی داناوە کە ماف و ئازادیەکان و بنەماکانی دیموکراسیەت ئەچەسپێنن. هەر لەسەر ئاستی دنیا سەدان بزوتنەوە و بزاڤی رزگاریخواز دروستبوون بۆ ئامانجی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و هەر ئەو بزووتنەوانەی مافەکانی مرۆڤ بوونەتە هێزێکی جەماوەری فراوان لەسەرتاسەری دنیا کە پشتگیری لە مافە ئینسانی و یاساییەکانی و دەستووریەکانی ژن دەکەن.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی بۆرژواوە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە، چەمکی دیموکراسیەت بووەتە ئەو چەمکەی کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا باسی لێوەدەکەن و داوای دەکەن بەوپێیەی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ پێشکەوتن و بووژانەوەی ئەخلاقی و سیاسی کۆمەڵگاوە هەیە.

هەڵبەتە ئازادی بریتی نییە لە تەنیا مافێکی یاسایی، بەڵکوو بریتیە لەو چەمکەی کە پێویستی بە توانایەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئەخلاقی و تەنانەت ئابووریش هەیە بۆ ئەوەی بەرجەستە بکرێت، چونکە مومکین نییە کەسێك بتوانێت ئازادبێت ئەگەر تێگەیشتنی نەبێت بۆ مانا و لێکدانەوەکانی ئەو چەمکە تەنانەت ئەگەر دەقێکی یاساییش هەبێت ئەو مافەی بۆ زامن بکات، پاشان ئازادی تەواوەتیش بەئامانج نایەت ئەگەر عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبوو و دواجار عەدالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتش بەرجەستەنابێت ئەگەر بەشداری تەواوەتی و راستەقینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەشداری بڕیاردان لەنێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگادا بەهەردوو رەگەزەوە نەبێت..

ساڵی ١٩٩٢ و لەگەڵ یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە کوردستان قۆناغێکی نوێ سەریهەڵدا دوای قۆناغی دیکتاتۆری حزبی بەعس و قەدەغەکردنی بەشداری دەنگ و رەنگ و حزبی جیاواز لە حوکمڕانیدا و، دوای قۆرغکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی لەلایەن بنەماڵەیەکەوە و نەبوونی چاودێری یاسایی و رۆژنامەوانی و دەستووری و جەماوەری. دوای ئەمە هەمووی یەکەمین هەڵبژاردن کرا و ژن بەشداری تیاکرد و چووە ناو پەرلەمانەوە، بەڵام لەدوای ئەوە ئەکرێ بپرسین داخوا لەو رۆژەوە هەتا ئەمڕۆ چ گۆڕانکاریەك بەسەر هەلومەرجی ژندا هاتووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەبەسترێتەوە بە وەڵامی پرسیارێکی لەوە گرنگتر ئەویش: ئایا هەلومەرجی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا لەو رۆژەوە هەتا ئەمڕۆ بە چ ئاقارێکدا رۆیشتوە و ئایا بووژانەوەی راستەقینەی بەخۆیەوە بینیوە؟ هەڵبەتە وردبوونەوە لە واقیعی سیاسی و حوکمڕانی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەمان پێدەڵێت کە هەلومەرجی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا هیچ قۆناغێکی رۆشن و بووژانەوەیەکی تەواوی بەخۆیەوە نەبینیوە، جگە لە قۆرغبوونەوەی دەسەڵات لەناو دەستی دوو حزبدا، لەگەڵ ئەوەی ئیستا دەنگی جیاوازیش لە ئۆپۆزیسیۆن وان لە گۆڕەپانی سیاسیدا و لەگەڵ ئەوەی پەراوێزێکی (تەسك) بۆ رای جیاواز هەیە کە بەباوەڕی من ناکاتە ئەوەی دەنگی ئازاد هەیە، چونکە لەزۆرکەس بەتایبەت ئەو دوو حزبە وایە کە هەبوونی دەنگی جیاواز مانای هەبوونی ئازادییە، کە ئەمە بەهیچ پێوەرێك وانییە، هەبوونی دەنگی جیاواز شتێکە و ئازادی و رێکخستنی ئەو ئازادیە و تۆکمەکردنی بە یاسا و چەسپاندنی لەدەستووردا شتێکی تەواو جیاوازە. بۆیە دەگەڕێمەوە سەر هەلومەرجی ژن لە کۆمەڵگای کوردستاندا و وەکو تەحسیلِ حاسڵ هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، جگە لە زۆربوونی رێکخراوەکان کە هەموو سێبەری حزبەکان و حزبە حوکمڕانەکانن.

ئەگەر دەسەڵاتێکی حوکمڕان غەمی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا یەکەمین غەمی نەبێت و قەلەقی ئازادبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا یەکەمین قەلەقی نەبێت و، تەنیا بیر لە زیاتر کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی داهات و ئابووری بکاتەوە و تەنیا بیری لای ئەوەبێت ئەو وڵاتە بەمیراتی وەرگرتوە و پلان بۆ ئەوە دانێت بۆ سەدان ساڵی تر بۆ نەوەکانی بنەماڵەکەی خۆی بەجێبهێڵێت نەك پرسی ماف و ئازادیەکانی ژن هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، بەڵکو هەرگیز یەك پایە لە پایەکانی دیموکراسیەت لەو کۆمەڵگایەدا جێگیرنابێت.